# ژوانی شیعر

گۆڤارێکی وەرزیی تایبەتە بە شیعر و شیعری وەرگێڕدراو
و شیعری کلاسیک و دیمانە و ڕەخنە و خوێندنەوەی کتێب

1

پاییزی 2025



خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر
خالید کۆچەر
07504934363

بەڕێوەبەری نووسین
حەمە ئەحمەد جاف
07504469628

بەڕێوەبەری هونەری
رانیار دڵشاد وەسانی
07504614771

هەڵەچن
فاتیح یاسین مودەڕیس



بە سوپاسەوە لەسەر ئەرکی بەڕێز
(ئومێد خۆشناو) پارێزگاری هەولێر
چاپکراوە

تیراژ: 500 دانە

## سەروتار

# گۆڤاری ( ژوانی شیعر ) تۆش بەخێر هاتی!

**سەرنووسەر**



سەرەتا پیرۆزبایی لە خوێنەران و ئازیزان و عاشقانی شیعر و لە خۆمان دەکەیین ، یەکەم ژمارەی گۆڤارێک لە ژێر ناونیشانی ( ژوانی شیعر ) دەبێتە میوانی کتێبخانەی ماڵەکانتان ، ئەوەی شیعری خۆشبوێت ئەم گۆڤارەشیی خۆشدەوێت ، گۆڤارێکی وەرزییە و تایبەتە بە شیعر و شیعری وەرگێردراو و ڕەخنە و خوێندنەوەی کتێب و دیمانە ، گۆڤارێک تەنیا بۆنی ژانرێکی جوانی لێدێت و تایبەتە بە دنیا جوانەکەی شیعر ، ڕەنگە دەرکردنی گۆڤارێک لە بۆنی کاغەز کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبێت لەم ساتەدا ، خەمی گرانیی چاپ و نەبوونی کەمی خوێنەر دەدێکی گرانە ، دەرکردنی گۆڤارێک کاری دەزگایەکی ڕۆشنبیرییە ، دەبێت بودجەی خۆی هەبێت ، دەستەی نووسەرانی خۆی هەبێت ، بەڵام ئەمە عەشقە و لە عەشقیش پیرۆزتر نییە ، ئەوەتا دەستیی خۆمان لێهەڵکرد ، یەکەم ژمارەمان لێ بڵاوکردەوە ، بابەتەکانی دووەم ژمارەش ئامادەیە بۆ چاپ ، لێتانی ناشارینەوە چەپڵەش بە دەستێک لێنادرێت ، ئەگەر قەلەمی جوانی ئێوە نەبوایە یەکەم نۆبەرە لە ژوانی شیعر لە دایکنەدەبوو ، بمانبەخشن ئەگەر

بە درەنگە وەختێک بڵاوبۆوە دەبوا زووتر بوایە ، سوپاس بۆ ئەو برادەرانەی هانیان دەدایین بۆ دەرکردنی ئەم گۆڤارە سارد نەبینەوە و بەردەوام بین ، سوپاس بۆ ئەو برادەرانەی پێیانگوناهبوو تەنیا بە وشەیەکی دەستخۆشیش پیرۆزبایی لە دەرچوونی ئەم گۆڤارە بکەن ، ژیان ئاوایەو هیچیتر نالێم ، وەک خۆمان هیوای بەردەوامیی بۆ ئەم گۆڤارە دەخوازین ئەگەر پشت و پەنامان هەبێت لە رووی ماددیی و مەعنەوی بەردەوام دەبین لە دەرکردنی ئەم گۆڤارە وەرزییە ، لێتانی ناشارمەوە جگە لە ماندووبوون و ئەرکێکی قورس هیچمان پێنابرێت و بەڵام دڵخۆشین بە دەرکردنی ئەم گۆڤارە نازانم بۆ ، هەرنا ڕۆژێک دادێت دوای ئێمە نەوەیەک دێت ، نەوەیەکی ڕۆشنیرترو چالاکترو عاشق شیعرو کتێب و گۆڤار دەلێن : لە شارە جوانەکەی هەولێر گۆڤارێکی وەرزیی تایبەت بە شیعر هەبوو ناوی ( ژوانی شیعر ) بوو ، با ئێمەش لە ژێر هەمان ڕێچکەو بە ئیجازەی رۆحی ئەوان با بەردەوامبین لە دەرکردنی ئەم گۆڤارە ، شیعر ناسنامەی نیشتیمانە ، شاعیر جوانترین مەخلووقی دیاری خودایە ، شیعر یەکێکە لە ژانرە پیرۆزە ئەدەبییەکان ، ئەوەی من ئاگاداربم تا ئەم سەردەمەش شیعر بێ خوێنەرو جمهوور نەبووە ، لە کۆتا وشەدا هیچ بەرهەمێک بێ کەم و کورتی نابێت ، نەخاسمە دەرکردنی گۆڤارێکیش لەم سەردەمەدا ، بە سینگ فراوانییەوە دەستم لە سەر سینگە بۆ هەر خوێندنەوەو پێشنیارو وردە قسەیەکی ئێوەی خۆشەویست گۆڤارەکە جوانترو دەولەمەندتر دەکەن ، لە کۆتا وشەدا دەڵێین : وەک خۆم هیوای بەردەوامیی بۆ ژوانی شیعر دەخوازم، سووپاس و رێزم بۆ کاک (حەمەی ئەحمەد جاف) لەخۆم ماندووتربوو بۆ دەرکردنی ئەم گۆڤارە.

## لە ئەرشیفی شیعرەوە

# ڕۆژێک
## لە ڕۆژە جوانەکانی تەمەن



سابیر ڕەشید

لە نێوان ساڵانی 1977 - 1981 قوتابی کۆلیژی یاسا و ڕامیاری بووم لە زانکۆی بەغدا. شوێنی کۆلێژ لە وەزیریە، پشت کۆڕی زانیاری عێراق بوو. لەم ساڵانەدا هەر ساڵێ بەشی ناوخۆییمان لە نێوان ((باب المعظم، راغبە خاتون، وزیریە، الاعظمیە))دا لە شوێنێک بووین. لەم ساڵانەدا بەردەوام دەچووینە سینەماکان و شانۆکان و زۆربەی هەرە زۆری کۆڕ و سیمینارە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان.

بووژانەوەیەکی ئەدەبی کوردی لە بەغدا هەبوو چەندان گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی دەردەچوون و بە شەوقەوە دەمانخوێندنەوە و سەردانی دەزگاکانی دەرچوونی ئەم گۆڤار و ڕۆژنامانەشمان دەکرد، بەڵام ڕۆژنامەی ((بیری نوێ))مان بە دزی لەم کتێبخانەیان دەکڕی کە لە شەقامی سەعدون هەیانبوو و بە دزیش دەمانخوێندەوە و هەڵمان نەدەگرت، چونکە ئەو کاتە نێوانی حیزبی بەعس و حیزبی شیوعی عێراقی تێکچوو بوو و

چاودێرییان لەسەر بوو.
کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی بارەگاکەیان لە وەزیریە بوو. موکەڕەم جەمال تاڵەبانی، سەرۆکی بوو. گۆڤارێکی مانگانەیان بە ناوی ((ڕۆژی کوردستان))، بە زمانی کوردی و عەرەبی دەردەکرد. موکەڕەم تاڵەبانی سەرنووسەر و جەماڵ خەزنەداریش سکرتێری نووسینی بوو. ئەحمەد تاقانەی شاعیر و نووسەریش ئەو کاتە بەڕێوەبەری ئیدارەی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی بوو. هەفتانە چوار شەمموان کۆڕی ئەدەبی و شیعری و ڕۆشنبیری و خوێندنەوەی چیرۆک و بابەتی جۆراو جۆرییان ساز دەکرد. هەمیشە هۆڵی کۆڕگێرییەکان پڕ



بوو لە قوتابی و خەڵکی دانیشتووی کوردی بەغدا و ئەوانەیش بە لایەدە لە بەغدا بوون و دەهاتنە ئەم کۆڕانە.
ئێمەی قوتابی کە خوێندنمان و بەشی ناوخۆیشمان هەر لە نزیک و دەوروبەری وەزیریە بوو بە پەرۆشەوە ئەم کۆڕانەمان لە دەست نەدەدا، بگرە بەشداریشمان لە کۆڕەکاندا دەکرد. من ئەو کاتە چیرۆکم دەنووسی و بڵاودەکردەوە، کتێبی ((شەش کورتە چیرۆک؟)) یشمان ساڵی 1976 بە هاوبەشی لەگەڵ ((کەمال سەعدی)) چاپ کردبوو، لە گۆڤاری ((بەیان)) و ڕۆژنامەی ((هاوکاری))یشدا چیرۆک و نووسینی ئەدەبی و ڕەخنەییم بڵاو کرابووەوە.
جارێکیان لەم کۆڕانەدا مەحموود زامداری ڕەحمەتی من و چەند گەنجێکی چیرۆکنووسی تر، کۆڕێکی ئەم کۆمەڵەیە بۆ ڕێکخستین. ئەحمەد تاقانە، یەکێک بوو لەو کەسانەی گۆڤارەکەی پێشکەش دەکردین و هانی دەداین و بە ڕوویێکی خۆشەوە لە کافتریاکەیان دادەنیشتین، زۆر نووسەری دیاری کورد ئەوسا هاموشۆی ئەوێیان دەکرد و لەوێ یەکترمان دەبینی و دەناسی،

یەکێک لەو هاوڕێیانەی ئەو کاتە ناسیم و خۆشمویست ((ئەنوەر قادر محەمەد))ی شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ بوو، هەر لەوێش مامۆستا جەمال خەزنەدار و سەلاح شوان و لەتیف هەڵمەت و ئەحلام مەنسوور و موکری و زۆر نووسەر و شاعیری ترم ناسی.

مامۆستا ((هێمن))یش جارجارە دەهاتە ئەوێ. ئەو کاتە کامێرا نەبوو وێنە بگرین، بۆیە زۆر یادگاریم لەگەڵ نووسەراندا بێ وێنە ئاودیو بوون.

یەکێک لەم کۆڕە شیعرییانەی ساڵی 1987ی ئەم کۆمەڵەیە، کە هەرگیز لە یادەوەریم ناسڕێتەوە، کۆمەڵە شاعیرێکی دیار شیعرییان خوێندەوە. ئەو کاتە زۆر سۆزدار و شەیدای شیعر بووم، هەرچیم بخوێندبوایەوە، یان ببیستبوا یەکسەر لە تۆمارگەی مێشکمدا دەچەسپاو نەدەسڕایەوە.


ئێستاش لەبیرمە یەکێک لەم شیعرانەی کە هۆڵەکەی کردە چەپڵەڕێزان، شیعرێکی شاعیری گەورەی کورد ((لەتیف هەڵمەت)) بوو کە شیعرەکە وەها بوو:

ئەمشەو دڵم لە جاران زیاتر غەمبارە
ئەمشەو چەپکە گوڵی دەستم بریندارە
ئەمشەو .. عیسا، مووسا، محەمەد
بە کوڵ گریان بۆ کوردستان
نامەیەکی پڕ لە ڕق و تووڕەییان نووسی
بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان

لە کۆپلە شیعرێکی تریدا ئەوەندەم لەبیر ماوە کە وتی:

**سیروان تەنکە،**
**بەڵام تانکی و دەبابە**
**نادەن بوارم**
**سەر بدەمەوە لە کەسوکارم**

ئێستاش لەگەڵدا بێ، نازانم هەڵمەت چۆن وێرای ئەم شیعرە ئاگرباراناوییانە بخوێنێتەوە. لەوساوە عاشقی شیعرەکانی هەڵمەت بووم و بووینە برادەر و بەردەوام



کتێبخانەی هەواڵنامە

لە هۆتێل ((کاسب)) کە لە ((مەیدان)) بوو سەردانیم دەکرد.

هەر لەم کۆڕە شیعرییەدا ((مام هێمن))ی شاعیری گەورەی کورد چەند شیعرێکی درێژ و چەند چوارینەیێکی خۆی خوێندەوە. یەکێک لەم چوارینانە، کە دوا چوارینی بوو خوێندیەوە ئەمە بوو کە دەڵێ:

**تاک و تەنیام و ئەزیزانم کوان**

**بۆنی گۆڕخانەی لێدێ جێژوان**

**نامەوێ پاشی نەمان بۆم بگری**

**ئێستە ماچم بدەیە ئەی کیژی جوان**

نازانم ئەم چوارینە بۆچە نەخرایە ناو دیوانە چاپکراوەکەی هێمن، کە دواتر چەندان جار چاپکران؟ ئایا خۆی نەینووسییەوە، یانیش لەبیر کرا.

ئەوەی گرنگە و دەمەوێ بیڵێم، گرنگی و پەرچەکرداری ئەم چوارینەیە، دوای خوێندنەوەی، کە دوا چوارین بوو خوێندییەوە، ماچێکی باوکانەی ((ئەحلام مەنسوور))ی لێکەوتەوە، کە دوای چوارینەکە لە ناو جەماوەری هۆڵەکە چووە سەر ستەیج و دەمی لەناو دەمی مام هێمن ناو نزیکەی چەند خولەکێک بە باوەش پیاکردنەوە، گیانی خۆی تێکەڵی گەورەیی و ڕەواندنەوەی سۆزی غەریبایەتی و ئاوارەیی ئەو کرد و کەف و کوڵی هەردووکیان بە چەند خولەکێکی چەپڵەڕێزانی گەرمی ئێمەی جەماوەری هۆڵەکە دامرکایەوە.

دوای کۆڕەکەش جگە لە پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە هەموو شاعیرانی بەشداربوو، چونکە تەواو لە بیرم نەماوە کە کێ و کێ بوون، تەنیا ((هەڵمەت و هێمن))م بیرماوە، خەڵکەکە هەموو بە گەرمییەوە پیرۆزباییان لە مام ((هێمن)) و ((دادە ئەحلام))ی ڕەحمەتی کرد و لای خەڵکەکەش گەورەتر بوون،



بەتایبەتی هەڵوێستی مرۆڤانەی ئەحلام مەنسوور.

ئەو دەمی زانیم کە ئەحلام مەنسوور، هەر تەنیا چیرۆکنووس و نووسەر و ڕۆژنامەنووس نییە، بەڵکو مرۆڤێکە تا سەر ئێسقان یاخی لە کۆت و بەندەکانی کۆمەڵی کوردەواری و خاوەن دڵێکی گەورە و فراوانە و بە کردەوە تێکی شکاند، لە هەمانکاتیشدا لە پێش چەوماندا بوو بە دایکێکی دڵسۆز و میهرەبان و توانی بەم ماچە خوداییە دڵنەوایی هێمنی ئاوارە و دوورە وڵات و دوور لە کەسوکاری بکات، هەست بە خۆشەویستی میللەتەکەی خۆی بکات.


دروود بۆ گیانی هەموویان، تەمەن درێژیی و سەروەریش بۆ هەڵمەتی شاعیر و هەموو شاعیر و نووسەرانی تری کوردستان.




شيعر

# پەیڕەو





غەریب پشدەری

کێیە ئەمشەو ... کۆرپەی غەمی
ئەوینی گریاوم ژیرکا
نەهێڵێ نینۆکی تیژی..
لە یەخەی تەنیاییم گیرکا!؟

***

کێیە ئەمشەو ... ڕێی هەورازی
ئەو کاروانەم ، لەگەڵ ببڕێ
بەپەنجەی نەرم و ناسکی
ئارەقەی ساردەی ڕووم بسڕێ !؟

***

کێیە ئەمشەو... پێ بنێتە
ماڵی دڵی چۆڵ و هۆڵم !
لەگەڵما دەستێك بداتە..
باری قورسی ، شان و کۆڵم !؟

***

کێیە ئەمشەو...بادەی پڕی
حەسرەتی تاڵم پێ نۆشکا
ژیلەمۆی کوانووی دەروونی
کوژاوەم، سەرلەنوێ خۆشکا!؟

***

کێیە ئەمشەو... بە لایلایەی
ڕۆژانی ڕابردووی دوێنێ
لاویەتیم بکاتە خەو و ..
ئێستای پیرییەتیم بدوێنێ !؟

هەواڵنامەی کتێب

***

کێیە ئەمشەو... لە تۆ زیاتر
هاناو هاواری بۆ بەرم !
دەستی سۆزی، وەکو تاجی
شاهان بنێتە، سەر سەرم !؟

***

تازە من پیری موغان و ..
تۆ دەری مەیخانەی منی
من دەنگی دەفی دڕاو و..
تۆ ناڵە و نەوای دەفژەنی !

***

چۆن دەتوانم جارێکی دی
لە ئەڵقەی زیکری دەروێشان
بێمە دەرێ و کوێرە ڕێیەک
بگرمە بەر وەکو پێشان !

***

کێ پێی خۆشە کەمێ لادا
بۆ ئەڵقەی زیکری ئەمشەوم
تا تێبگا، چ شۆخێکە ...
ئەو پیرەی، پەیڕەوی ئەوم !!


1998/10/11

هەولێر



# گەر بۆم بلوێت





ئیسماعیل بەرزنجی

هەواڵنامەی کتێب

بەر لە جەژن

دەچمە شوێنی جارانی لەیلووکان

لە جێگەی ئێستای

بازاڕە سەقەتەکەی نیشتیمان

چەندان لەیلووک دادەنێم

***

گەر بۆم بلوێت

کتێبخانەی گشتی دێنمەوە شار

هەزاران کتێبی بەندکراوی

ناو زەیتوون ئازاد دەکەم

***

هۆڵی گەل

لەسەر دیزاینی جاران

نۆژەن دەکەمەوە

بە پاشماوەی بلۆک و شیشەکەی

کەندێك لە ڕۆخ شار

پڕ دەکەمەوە

***

گەر بۆم بلوێت

فڕنی سەموونی ئیعاشە

دروست دەکەمەوە

سبەینان

بە تڕومبێلە درێژەکە

لە بازاڕ دەسووڕێمەوە

***

سەرجەم کاسێتی

گۆرانییە کوردییەکانی

ڕادیۆی کوردی لە بەغدا

بە ڕادیۆکانی ئێستا لێدەدەمەوە

تا هونەری سەقەت

لەم خەوە کابووسیە هەستێنم

***

گەر بۆم بلوێت

شکور مستەفا و عەزیز گەردی

بەخەبەر دێنم

تا بێن ئوستازەکانی زانکۆ

فێرە کوردی بکەن

***

دەزانم

هیچیانم بۆ نالوێت

منیش ناچارم بڵێم

هەی هەشبەسەر ئینسانی شێت

***

پێشوازی

خەم دێت

سبەینان لە شێوەی

پارچە سەموونێك و ماست و

هێلکەیەکی کوڵاو

!خەم دێت

چێشتەنگا و لە شێوەی

چەند ڕۆژنامەیەکی زوڕناژەن

خەم دێت و..

وTVلەگەڵ پل نان بە میلی

دەرکەوتنی ئەو هەموو

کەمتیارانەی سیاسەت

!خەم دێت

نیوەڕۆ لە شێوەی کەباب و

مەحشی و قۆزی
بەڵام لەتە سینگێکی ڕەق
بەشی منە!!
خەم دێت..
لە شێوەی ژنێکی دوو ڕوو
لە خەوی خۆشی نیوەڕۆت دەکا
خەم دێت..
عەسران بە شێوەی فەوزا
لەنگەری هەرچی عەقڵە
تێکی دەدا!!
خەم دێت..
مەغریب و نیوەشەو
کۆبوونەوەیەکی نهێنی دەکەن
بڕیار لەسەر خەمبارانی
ڕۆژانی دیکە دەدەن!!
***

**سیزیفانە**

لەسەر دوندی شاخێك
(ناوەکەیم بیر نەماوە
دەفتەرە شیعرێکم بزرکرد
کەهاتمە خوارەوە
نەموێرا سەیری بەرزایی بکەم
نەشمویست
لاسایی سیزیف بکەمەوە
لەو ڕۆژەوە..
لەدوندان ڕادەمێنم!
***
لەبەر ڕۆشنایی مانگ
خەمەکانی محەمەد ماغوت
دەدرەوشێنەوە!
***
بەجێلّی..
کچە سواڵکەرێکی جۆرجیم ناسی
ناوی ماریانا بوو
زیاتر لە ڕۆژانی باراندا
دیار دەکەوت
بەردەوام
لای مەمکی ڕاستەی
وەك زیو دەبریسکایەوە
تۆبلێی ماریانا لەبن گڵ بێت

کتێبخانەی هەواڵنامە

یان ئەویش وەك من
گیرۆدەی دەست
ئەم ژیانە سەخیفە بێت!!
***
لە بنمیچێکی
مزگەوتی ئاڵتی بەرماغ
پەڕەسێلکەیەکم بینی
خەریکی چێکردنی هێلانەبوو
دڵنیام...
روحی پیربباڵ مەحموود بوو!
***
**زامدار**
دەیزانی دنیا
زۆری بەبەرەوە نەماوە
شتێك نییە بە ناوی وەفا
ڕاستگۆیی
گۆشاو گۆش سەربڕاوە
ئەو..
پێشان و ئێستا و ڕابردووی
بەیەکەوە خوێندبۆوە
دەیزانی
دەجەڵ لە بواری کلتووریمان
گەیشتۆتە ترۆپك
کە شاعیری بە دەمانچەوە بینی
گوتی: شیعرە ها ، گوللە ها!
کە نووسەری بینی
ڕوتبەی عەسکەری وەرگرتووە
گوتی : مەترەلۆزەها ، ساڕووخەها!
کە ئەو لەشکرە مەعاش چەورانەی بینی
بێ ئەوەی
دارێك لەسەر بەردێك دابنێن
گوتی: یا ئیلاهەل عالەموون
کە ئەو هەموو ڕێکخراوە
نانخۆرو جێگرانەی بینی
گوتی: دیموکراتیە ها ، نیقابە ها!
!!ئەو دەیزانی

# کاتێ روح ئەبێتە خۆڵەمێش



ئەرخەوان

زۆر لە خۆم دوورکەوتومەتەوە
ڕێگەکەم ونکردووە
ناتوانم بگەڕێمەوە و
لە ناخی خۆما ئۆقرە بگرم
ڕقم لەم وێرانەیەی روحمە
زۆر تاریکە ، زۆر ساردە ، زۆر چۆڵە
چرام نییە ، ئاگرم نییە ، کەسیش لێرە نییە
ئەزانم هەموو
بە روحی خۆیانەوە سەرقاڵن

گوڵ ئەڕوێنن، چرا دائەگیرسێنن
ئایەتەکانی عیشق لەبەر ئەکەن
ئەوان زۆر سەرقاڵن
من لە پشت شووشەی پەنجەرەیەکەوە
تەماشایان ئەکەم
ئەوان من نابینن
بانگیان ئەکەم وەڵام نادەنەوە
قسەیان بۆ ئەکەم گوێیان لێ نییە
من لێرە قەتیس ماوم

وەکو فرمێسکەکانی ناو چاوم
سەر ئەنێمە سەر شانی شیعر و
هەر دووکمان ئەگرین
نازانم کاممان بۆ کاممان ئەگرین!
هیچ خۆشییەک،
ناگاتە خۆشیی سووتانی روح
بە عیشقی ژیان
هیچ ئازارێکیش ناگاتە ئازاری
بە خۆڵەمێشبوونی روح!
بەم روحە خۆڵەمێشیەوە ڕووبکەمە کوێ؟
لەم وێرانەیەی روحما
چاوەکانم هەڵئەوەرن
پەنجەکانم تەزیوون
ژێر پێکانم پڕن لە دڕك
ڕەشەبایەکی سارد
گوڵی قسە شیرینەکانی هەڵوەران
بەفر، دەرگا و پەنجەرەکانی دڵی داخستووە
ڕێبوارێك لەوێوە تێناپەڕێ
میوانێك لە دەرگا نادا
کونە پەپوویەك
ژیانی فڕاند بۆ نێو تاریکیی!!

سلێمانی 2020



# گەردوون بێباکە





موحسین ئاوارە

1

ئەو پیرە گەردوونە
هەر هەیە و لە بوون و هەبوونە
ئەو گەردوونە هەر لە سەر پێیە
پێت وا نەبێ ئاگای لە تۆیە
کەی لە دایك بوویت
کەی ئەمریت
هەموو شتێك کۆن دەبێت
پەراوێز دەکرێت
هەموو شتێك دەشکێ ، دەڕژێ
فڕێ دەدرێت
تەنیا ئەوەی فریات دەکەوێت
کە لە ترۆپکە و لەو ئاستەیە
هەمیشە تەڕ و تازەیە
عیشق و ئەوینە
ئەگەر چی نێوەندگیرە
لە نێوەندی خەندە و گرینە

2

که پیر بووی کەوتییە سەر جێگا
دەڵێی خۆزگە و بریا
وا ڕۆیشتبام و وام کردبا
ڕەزیلیم لێ نەکردبا
بەڵام ڕکەبار بووم
مافم نەدایە تەمەن
ئێستا بیرەوەریەکانم لێم نابوورن
پێم دەڵێن
لە دوا ڕۆژی خۆت نەترسای
وا فەرامۆش کراوی لە سەر جێگای!

3

ئەو گەردوونە بێ باکە
بێ ئاگایە لە تۆ
ئەوە تۆی لە ژێر پەردووی بەرد و
درەختە تێکشکاوەکانا
لە نێوەند مەرگ و ژیانا
بە ناڵە و هاواری پچڕ پچڕ
دەڵێی لێم تێکچووە و نازانم
بوومە لەرزەیەکی سرووشتییە
یان مووشەکێکی بێ مۆڵەتی ناوەختییە

4

ئەو پیرە گەردوونە
بە (مام زۆراب)ی گوت
بەم پاییزە ، بە ڕێڕەوی باخدا ڕۆیشتی
ورد ورد گوڵەکان سەریان ڕاست کردەوە
وەك پشکۆی گەشاوەی سەر مەنقەڵێ
پێشوازیان لێ کردی
بەڵام بۆ منی تەمەن هەڵکشاو
پەنجەرەکەیان لێ داخستم
پەردەیەکی مۆریان پیا شۆڕ کردەوە
بۆ نەوە فەریکەکەم
پەنجەرەیەکی دی کرایەوە
پەردەیەکی ڕەنگاڵەیی مۆدێرنزمی بۆ شەکایەوە
ئەمە بوون و بەیانە
ئەمڕۆ لەم باخ و مەنزگایەدا
سبەینێ دوو مەتر زەویت هەیە
لەو ساکە زەوییەی کە ناوی گۆڕستانی
پێوەیە



# سێ خونچە شیعر





جەلال بەرزنجی

هەواڵنامەی کتێب

**1ـ لە نێوان دوو خۆردا**

بە درێژایی ڕێگاکانی منداڵیم
هیچی وام  بیر نایەتەوە
تەنیا شوێن پێیەك نەبێت
وەك دەنگ
لە دوورەوە
لە ناو شەو دەنگدەداتەوە
باڵندەیەك لە سینگمە
بەسەر سنوورە نەناسراوەکان
بەو ڕێگایانەی
ناوی خۆیان بیر نەماوە
بەرەو ڕۆژهەڵات دەفڕێت
لە نێوان دوو خۆر
ناتوانم ئاماژە
بە شوێنێك بکەم
لێی بنیشمەوە و
خەونەکی گەورە ببینم
***

**٢- خاکی سێبەر**

تاراوگە
هەمیشەشێوەیەکە لە شێوەکانی
نیشتمانی دووەمین،
هەڵنەبژێردراوە، بەڵام
ناسراوە
لە پەراوێزی ئینتیما دەژیم
لە ترۆپکی ئەوەی هەمبوو،
ئەوەی ڕەنگە نەمبینێتەوە
غەریبی ئەوماڵە دەکەم
لە ناو خۆم بە جێمهێشت
ئەو جارە دیدارمان،
لەناو ئەو دەنگدانەوە دەبێت،
کە بیرچوونەوە، بیری دێتەوە
***

**٣- بێدەنگی ڕۆیشتن**

وەك ئەوەی سێبەر لە با بچێنێت،
هەر دێڕەك بووە نوستەلیژیایەکی دواخراو
هەر وشەیەك بەرەو شوێنێکی بێ ناو،
کە چیتر وەڵامی سڵاو ناداتەوە
کە مردم کەس ئاڵای بە تەرمەکەم،
دانادات،
کەس بە ناوی چیا ناوچەوانم ماچ ناکات
وەك غەریبێك لە گۆڕستانێکم
پڕە لە ناوی شکاو
کێڵی کورت و هیچ لەسەر، نەنووسراو
لە زەمەنێکی بێ مێژووم نێژرام
لێرەش بمچێنن
دووری شیعرەکانم دەگەڕێن
گیانم بە ناو بادا دەڕوات
بە تەلبەندەکان هەڵ دەگەڕێت
وەك وشە دەفڕێت
بێ جەستە
بۆ لای ئەو چیایە دەگەڕێمەوە
کە جارێك مەرەکەبی لە دڵم کرد!



# لە دەفتەری ژنێکدا...



دڵسۆز حەمە

هەواڵنامەی کتێب

1

چەند جاران

ڕاتکێشامە کەناری نائومێدی

سەرخاتیرەی تاریکی خۆکوشتن

هێندە جاران

گوڵلەت ناوە بە دڵمەوە

روحم بریندار و

تیرۆرت کردووە ژنێتیم

2

ڕۆژگاری شیعر بەسەر نەچووە

شیعر خۆی سەردەمەکەی جێهێشتووە

کێ گوڵ دەگۆڕێتەوە بە وێنەکەی!

دڵ دەگۆڕێتەوە بە سێبەری هەرمێیەك!

ئیمۆجیەکی ڕەنگزەرد لە جێگای

کەرنەڤاڵی ڕەنگەکان

بە زایەڵەی سرودی نەسیم کە تێدەپەڕێت

بەپانتایی دەغڵەکاندا!

کێ (هەزاران ئەستێرەی درەوشاوەی)* وشە

شەپۆلی شینی دەریا

دەستی گەرمی ئەڤین و
فرمێسکی ڕاستەقینەی ئاسمان
دەگۆڕێتەوە بۆ ئەلەکترۆن!
کێ دوودڵی و شپرزەیی و گومان،
تامی دڵتەنیگی
دەگۆڕێتەوە بە سێبەری ترسناکی نەناسراوێك
تارمایی روحێك
بە هێڵی نێت وئاسمانی گریمانەکراوی خەیاڵدا!
ڕۆژگاری شیعر
سەردەمانی غەزەل و شەیدابوون بەسەر
نەچووە
شیعر ئێمەی جێهێشتووە
دەورانی سەهۆڵ وپەتا ودرم و ڤایرۆس و
دەردە زۆرەکانی زەویە
بۆنی ئاسنینی تەنهایی
دیواری ئەستور و
شاشە هەمیشە داگیرساوەکان
مرۆڤێك دڵی وەك کۆلارە لە هەوادا
خەیاڵی تۆفانەکان دەبیات و
مەراقی تەنهایی دەیهێنێتەوە

تەماشای بە دیوارێکدا نووساوە
وەك ئەوەی بۆ ئەبەد کوێر بووبێت،
نەدرەوشانەوەی ژیان
نە زەنگی ڕستە
نە مەراقی پێکەوە بوون دەبینێت ئیدی!
شیعر ئێرەی جێهێشتووە
بزانە چەند تەنها کەوتووین
چەندە نەخۆشە و
چەندە بەتاڵ و
چەند بیمارە سەر زەمین
ئەوەتەی شیعر بە جێی هێشتووین!

3

جوانی و بەدبەختی
شەیدایی و دڵشکان
ڕاستگۆیی و جێهێشتن
عەشق و دۆڕان
پەیوەندی و تەنهایی
بەخشین و ئازار
داگیرسان و تاریکبوون
دیرۆکی هەمیشەیی ئەو ژنانەیە

لەم گۆڕستانە غەمگینە

دڵیان بە تەرمەکاندا دەچێت

بە سێبەری پەژموردەی پیاوێکدا!

4

دەترسم بە کچەکەم بێژم: میهرەبان بێت وەکو ئاو

ڕێگای بکەوێتە دەماری خاشخاش

گوڵێکی ژەهراوی

گیایەکی بەدکار و

دواجار باڵندەیەك/ مرۆڤێك/ گوناهێك/ ئاوبدات

دەترسم لە زێرابی پەیوەندیەکدا کۆتایی بێت!

دەترسم بە کوڕەکەم بێژم: جوامێر بە

فیداکار و جەنگاوەر و خۆنەویست بە

(زەڕرەیەك خاکی وەتەن نەدەیت بە قەسری

قەیسەری ))*

لە جەنگێکدا بیدەن بە کوشت

ئەوانەی هەموو خاکی وەتەن

دەدەن بە پەنجەرەیەك لە گەڕەکی (قەیسەری)!

5

نیشتمانیش بێئەمەك و بێمنەت و بێسفەت بوو

وەکو ئەو پیاوەی خۆشمویست و بەجێیهێشتم

دوای سەدەیەك لە شەیدابوون

ڕووبارێك لە خوێن و

عومرێك مەراق و ئەشکەنجە و چاوەڕوانی

نە ماڵێکم هەیە تێیدا

نە زەویەك هێندەی سێبەری دڵنیایی

نە پەنجەرەك کە لێوەی بڕوانمە ژیان و

گوێ بگرم لەنمەی باران

کە دەدات لە شوشەی شەوان بە ئەسپایی!

6

خراپەکانتم بیر نییە،

لەسەر غەدرەکان ناوەستم

تا ئەو کاتەی دێیتەوە

جارێکی تر بیرم دەخەیتەوە

کە تەنهایی، غوربەت و بێکەسی

هەمیشە بۆ دڵدانەوەم زۆرێك لە ئازار و

غەدرەکانت

لە تەماشامدا دەشارنەوە

لە یادەوەریمدا لادەبەن

تا دێیتەوە!

هەواڵنامەی کتێب

7

لە پشتی پەنجەرەکانەوە

ژیان زۆر خێراتر تێدەپەڕێت

وەکو ئەو ڕۆژانەی لەگەڵ تۆدا بەختەوەر بووم

لە پشتی پەنجەرەکانەوە ژیان ئاسانتر خۆی

دەداتە دەست وەرزەکان

زمانی تەزین و تەنهایی

غەریبی و بێماڵی زیاتر تێدەگات!

8

لە سەرەتای سەرەتاکانەوە

دوودڵ بوم من .... تۆ دڵنیا

هێواش دەهاتم من ... تۆ زۆر خێرا

شەرمم دەکرد من ... تۆ نەترس و ڕاشکاو

گەشتین بەیەك

من دڵنیام ... تۆ دوودڵ

خێرا دێم من ... تۆ هێواشتر بوویتەوە

باوەش دەکەمەوە .. پڕ دەبم لە ڕەنگی سەراب

لە تامی تەنگی دڵشکان

لە سێبەری پیاوێکی نەبوو

پیاوێك لە هەڵم و جێهێشتن!

9

جگەرە ناکێشم

ئەلکهول ناخۆمەوە

جارجاران نوێژ دەکەم

لەگەڵ خودا بەردەوام لە پەیوەندیدام

بۆ مرداربونەوەی پشیلەیەك

بۆ ئەو منداڵانەی لە فیلمەکاندا لە دایکیان بزردەبن



یان ئەو دیلانەی ئیدی ناگەڕێنەوە
ئەو عاشقانەی دەمردن و ناگەن بەیەك
لە دڵەوە دەگریم
وەکو ئەوەی هەقیقەت بێت ئازارێکی زۆر
دەچێژم
زۆر دەگریم!
میهرەبانم تا ڕادەی گەمژەیی
لەو زیاتر هیچ پیاوێکم نەناسیوە
بەو ڕادەیەی کە یەکەم جار ماچی کردم
لە شەرما تام لێدەهات، ڕیخۆڵەکانم گرژ دەبوون،
دەستم دەلەرزی
قسەکانم بیر دەچۆوە

دەمزانی لە پشتی منەوە ژنی تر دەناسێ
دەمزانی لەگەڵ سنەوبەرێکی بەدناو
دارسێوێکی بەدناوتریش
لەو درەختە بەدبەختانەی لە ئاگری شەڕە
هەڵگیرساوەکانەوە
هەڵهاتوون و
سنوورەکانیان بڕیوەو هاتونە ئەم دەڤەرە
دەمزانی سەفەرە زۆرەکانی خاڵی نییە لە گوناه
دەمی بردوە بۆ هێشوی زیاد پێگەشتوی
مەغریب و مالیزیا و تورکیا و گوندی لوبنانی
هەولێر
وەکو گوتم: میهرەبانم تا ڕادەی گەمژەیی

هەواڵنامەی کتێب



خۆشمدەویست تا ڕادەی کوێرایی
تا ئەو بەیانیەی
بەسەر دەرگای سەلاجە بەتاڵەکەوە
لەسەر کاغەزێکی بچووك بچووك نووسیبوی
(!!لە داخی تۆ ئەوا ڕۆشتم وناگەڕێمەوە هەی
بەرەڵلا)
میهرەبانم تا ڕادەی گەمژەیی
دەترسم ئەو درەختە زۆرزان و نەخۆش و
بەدبەختانە
توشی بەڵایەکی کەن و
لە دەستم چێت
ئەو پیاوەی خۆشمدەوێت تا ڕادەی کوێرایی!

10
هەمو سەر زەمین گوڵجاڕ و
ڕەز و بێستان و نێرگز بێت
دەریاکان لە جیاتی ئاو مرواری بن
تەنها ئەو گوڵە دەبینم
بۆم دەهێنیت
ئەو مرواریەش دیاری تۆ بێت
بۆ گەردنم
ئاوایە ژن!
***
2025
دێریکە وەکو (هەزاران خۆری درەوشاوەی
،خالد حوسەینی ـ
شیعرە بە ناوبانگەکەی زێوەر ـ



# نـیشتمان



سەلام محەمەد

ئەی نیشتمان
من و تۆ چەند لە یەك دەچین
ڕۆژی سەد جار لە یەكتری تووڕە دەبین
كە شەو داهات خەو ناچێتە چاوی كەسمان
تا بە یەكتر نەگەینەوە
ڕۆژی سەد جار لە یەكتر جیادەبینەوە
كەچی زوو زوو بۆ لای یەكیش دەچینەوە
ڕۆژانە هەڵە دەكەین و بۆ بەیانی
ناڵێین تۆبە نەمانزانی
وەك ئەوەی هیچمان نەدیبێ
هەمان ڕێگا دەگرینەوە
ئەی نیشتمان من و تۆ وەك دوو مناڵ واین
ڕۆژگار كارمان تێناكات و گەورە نابین و هەر ساواین!

# گڕناگە





**مەسعوود پەرێشان**

---

لەوەتەی هەم
فەرهەنگێکی پڕا و پڕم
لە عەتری ئومێدو بۆنسۆی گویێ پێنەدان
لەوەتەی هەم
بەدەستێکم پێکی هیوا دەبەخشم و
بەدەستە کەی دیکەم قاقای پێکڤەژیان
ساتێکم بیر نایەتەوە
باری خەم هەگبە کەی منی لە کۆڵ نابێ
یا خود ژانێکی جەرگبڕ
کە نینمی لە خۆڵ نابێ!
لەوەتەی هەم
سادەیی خەمساردی کردووم
لەوەتەی هەم
گەمژەیی داگیری کردووم

****

نیستا تۆ هاتووی دوو دەستت
لە ئەوکی من گیر کردووە
هەردوو قاچت لەسەر بانۆی
شانە کانم ڕاخستووە

قورسایی خۆت
بەسەر جەستەی لاوازی من داگرتووە
دەتەوێ دوای
ئەو هەموو سات و ساڵانە
گومان لە ویژدانم بکەم
دەتەوێ دوای،..
ئەو هەموو ڕۆژ و مانگانە
هەموو فەرمانێ پەسندکەم!
***

زۆر جاران لە خۆم دەپرسم
چیمکردووە!
هێندە بە جەرگی من فێربی؟!
چیمکردووە!
هێندە لە خوێنی من تێربی؟!
***
گەر وا تێدە گەی نەمکارە
نەژنۆی من کەچدە کا ... هەرگیز!
گەر وا تێدە گەی ئەو بارە
چۆکم پێدادەدا ... هەرگیز!

هەواڵنامەی کتێب



***

خەیاڵی خاو

هیچ دەستێکی نەبان لە نێو

ئەفسانەی گیانم تێر ناکات

ویستی توراو

هیچ هەستێکی شەڕڤان بە نێو

باخی سینەی من فێر ناکات

***

هەمیشە من لەوە ناگەم

بۆ بەردەوام

دەتەوێ کۆشکی ڕۆحی من بڕووخێنی؟

چیت لێمدەوێ

بۆ دەتەوێ،..

هەمیشە مێشکی سادەی من، بڕەنجێنی؟

***

من ئەو خودەم

بچووکیم زۆر مەزنایەتی

بەهۆشم ڕاسپاردووە

بەجۆرێک گەورەیی ئێوەی

لەناخمەوە پەنگستووە

***

بەوەش فێری ئەوەت کردووم

هەم لەسەرخۆو هەم بنبڕبم

بۆ مانەوەو بەردەوامییش

زۆر لەمنجڕ، منجڕ تر بم

***



# گەمەی ماسییەکان



محەمەد ڕەنجاو

سلێمانی
وەرە با بەیەکەوە
بەقوڵایی هەورەکاندا شۆڕبینەوە
بەیەکەوە باوەش لەو تیشکە بەین
لەو دیو هەورە جیوەییەکانەوە
سێبەری ئێمەیان زامدار کرد!

لە ژێر نینۆکەکانمانەوە سەرخەوێ بشکێنین
وەك شەپۆل خەون بە ڕۆخە لمینەکانەوە ببینە
منیش - کات - ە وەنەوشەییەکان هەڵدەکۆڵم

لە ناو (جامێك مەی) دا
خەونە بەردینەکانت دەنێژم

سەفەرێك لە خەونەکانەوە
بەرەو هەوارێکی ئەبەدی
هەوارێکی مەحاڵ

ئێرە برینێکی ڕاخراوە
دوا موچڕکەی لەبارچوونی پاکیزەیەکە
بە ناچاریش، دوو ڕێگەی تێکئاڵاوین
قەڵغانێکی پەککەوتە و

شمشێرێکی ژەنگاوی
گوێ لە هەناسەی ناو سینگی هەورەکان
دەگرین
قەرا  قەرا ... یەك
قەرا قەرا  ... دوو
قەرا ، قەرا ... سێ
چاوشارکێ لە کۆڵانەکانی ئەو شارەدا دەکەین
لە ژێر تۆفانەکانا نەغرۆ بوون
بە چنگە ئاویەکانمان سەری یەکتری گڕ
دەدەین
شەکەتیمان لە خەوێکی دوکەڵاویدا دەنێژین
لە ژێر ئەو ڕەشماڵانەی،
بە ستونی هەڵم ڕاگیراون
شاپەڕی ماسیە ڕەبەنەکان،
ختوکەی، گێسو  کەلەکەو
شلکەی ڕانە کەوانەییەکانت دەدا
ئەوەتا بەیەکەوە ..
سەرگەرمی ئالۆشە پیرۆزەکانین
لە جوانی تۆ و، دزێوی خۆم
سەروەری ڕابوردوو ..



تێکشکانەکانی ئایندەمان
کیمیای شیعر و ..
خوڕژنی حیلە و سمکوڵی ماینەکانی دوکەڵ
موچڕکی حەزەکانمان دەچنینەوە
خۆمان لەناو دەریاکاندا حەشار دابوو
ماسیەکان فێریانکردین
لەناو لەپی حەزەکانمان ..
غوسڵەکانمان حەشاردەین
***
ئای گیتارە شکاوەکەی،
چاخی ڕیتمە دۆڕاوەکانی باپیرم


ڕابوونەوە دادت نادا
ئاوازە ژەنگاویەکانی تۆ ،
جەستەی تینووم ناخاتەوە کورەی سەما
ئەوەتا ، لە ژێر دەریا ، ئەشکەوتێ
بۆ خەونە ڕۆمانسیەکان ئەدۆزمەوە
ماڵێکی شکۆداردروست ئەکەم
بە شەپۆلە دژەکان دەم و چاومان دەشۆین
لەگەڵ ماسییەکان دەبمە ئاشنا
تا ئەو ڕۆژەی نەهەنگێ دێ و،
مرۆڤ ئاسا قوتمان ئەدا

***

ژیان سەرابە سەراب
بەختەوەری ، سەرابە سەراب
لە ژێر نێڵەی هەورە تریشقەو
سامی ئەم هەموو چەقۆ ڕەشانەدا
بەردەوام بوونیش مەحاڵە


***

هەواڵنامەی کتێب



# ماچە هەڵوەریووەکان





د. مستەفا زەنگەنە

لێواولێوم لە عە شقی تۆ
تریفە ی مانگم لێدەڕژێ
درەختێکی تاك و تەنیام
گوڵم تەنیا بۆ تۆ ئەپژێ
***
لەم سەرمایەی ئەم زستانە
ڕووبکەمە کام هەوارێ
کەوا تینی ئامێزی تۆی
بە بەردەوام لێببارێ
***

ئاخرکەمن دەستەمۆی تۆم
بەبێ تۆیی قەت هەڵنا کەم
چرای ڕوحم داوە بە تۆ
بۆ هیچ کەسێ هەڵینا کەم
***
نازانم من هەتاکو کەی
وەکو خەونێك تۆ بدوێنم
روحی ماندووم وەك گەڵای دار
لە سەر ڕێتا هەڵوەرێنم؟
***

بۆ نازانی ماچەکانم
لە ئاسمانتا داگیرساون
هیواکانم وەك ئەرخەوان
بۆ پێشوازییت ڕاوەستاون
***

کەینێ تاسەو چاوەنواڕیم
لە کاتێکدا لێدەشکێنێ
شەتڵی ماچی هەڵوەریووم
لەسەر لێوانتا دەچێنێ؟
***

چاو لە ڕێتە و هەرنەهاتی
واخەم ناخم ئەخواتەوە
وا فرمێسکی نائومێدی
باڵای تەمەن ئەشواتەوە
***

ئەی ئازیزە جوانەکەی من
بۆنی خاك و نمەی باران
عەتری هەناسەت با هەڵگا
چرای عەشقی پاکی جاران

تینێ بکا بە بەرمدا
هەڵمکێشێ لە سەودایی
بۆ چیرۆکی پڕ کارەسات
خاڵێك دانێ بۆ کۆتایی
***

خۆ ئەمشەویش وەکو شەوان
بە یادی تۆ خۆم کردە مۆم
تا بزانی لە شیعریشدا
کە هەر بۆ تۆیە خەم دەخۆم
***

ئای لەو ڕۆژەی کە دەمبینی
لە نێو شەقامی شارێکا
هەواڵێکی لەبیرکراو
لە نێو گوشەی گۆڤارێکا
***

ئای لەو چرکەی نیگا دەکەی
دەمخوێنیەوە هەر بۆ جارێ
دەبینی چۆن دیوانەکەت
هەڵکوڕماوە بۆ دیدارێ
***

هەواڵنامەی کتێب

# خەونەکەت بۆ براکانت مەگێڕەوە





بۆتان جەلال

تکا لە کازیوە دەکەم
تۆزێك لەسەر زەوی بەرزم بکاتەوە
لە بەشێکی گەشتی ڕۆژانەیدا
وەك هاورێ بمدوێنێ و بملاوێنێ
بە کاتە نادیارەکانی ڕۆژگارم بسپێرێ
ژیان ئاڵۆز بووە
پرچی کازیوەم کردۆتە داوی کۆلارە
بەرزم بکاتەوە بۆ ئاسمان
بۆ چەند ساتێك لە ژاوە ژاوی سەر زەوی
لە دڕندە و مافیاکانی
لە شێرپەنجەی ناو جەستەی زۆربەمان
دوورم بخاتەوە..
بمبا.. بۆ تاقی ئاسمان
لای مانگ و ئەستێران
لای پێکەنینە جوانەکانی
پیر و گەنج و منداڵان
دەمێکە گوێم لە پێکەنین نەبووە
تەپو تۆز
دەنگی فڕۆکە و تۆپ و گوللە
کاسیان کردووین
درۆ..
دەرگەکانی ئومێدیان لێداخستووین

لە کردەی واقیع بێت یان ئەفسانە
لە هەردووکیاندا سەریان لێشێواندووین
توخوا کازیوە گیان
وا زوو مەمگەڕێنەوە بۆ سەر زەوی
توخوا زەوی گیان
چیدی ڕازی مەبە بمەوە بە میوان
بێزار بووم
شوێنپەنجەی فرمێسکەکانم
بەسەر تریفەوە ماون
وەك شەونم تیشکپەڕ و ورووژێنەرن
ڕ ۆژگاری من
دە ست و قاچەکانی ژێر مین کەوتوون
تەمەنم بەسەر کورسییەوە دەبەمە سەر و
ئاوی سوێری چاوانم دەنۆشم
گوڵی دوور لە دڵم، نازە گوڵ
سیمای ئازارەکانم لە تۆ و دەردی تۆ دەچن
ڕووگەنما لێڕامێنی تۆ دەکەن
تا چەند دەتوانی
بەرگەی خەمانم بگری.. گوڵی خەمم
هەموو پێکەنینەکانم بە تۆ بەخشین

گریان و هەنسکە گەرمەکانیش بۆ خۆمن
بە بارستایی چیایەك خەونم پێوە دیتی
دەرنەکەوتی جارێ ئەحواڵ بپرسی
ناوێرم چیتر خەونەکانم بکەم بە ویردێ
لە شیعرێکا بەیانیان کەم
ترسم هەیە لە ڕێگا بمکوژن
ئەوانەی وەکو هاوڕێ هێزیان پێدابووم
کەسم نەما ئێستا
برا و خوشك
هاوڕێ و هەڤاڵەکانی ڕێگای سەخت
بوون بە دێوەزمەی ژیانم
وا پەیتا پەیتا دەبم بە هەڵم
لەوپەڕی بێهودەییەوە
ماوەی تەمەنی ماوم
وەکو سەگ و پشیلە
دێتە بەرچاوم!!

٢٠٢٥/٤/١٩
هەولێر

---

* ئایەتێکە لە سورەتی یوسف


هەواڵنامەی کتێب

# دوو ملوانکە شیعری بێچار



## 1- تۆ لە روحما جێنشینی

کە ڕۆیشتی، ئەوسا زانیم لەتەك خۆت ڕابردووت بردووم
بۆیە ئێستا، لێرە نامۆم، چوون کەسێکی بێ ڕابردووم
بۆت نووسیووم.. تۆ چۆن ماوی کە نەمدوێنی، کە نەمبینی
کچێ دووریت گرنگ نیە تۆ لە روحما جێنشینی!
هەناسەکەم کە لێم دووری مەپرسە چۆن ماوی بێ من؟
بەو هەناسانەی تۆ دەژیم لە هەوادا دێن و دەچن!
خورپەیەکی لە نێو دڵمای، لە خوێنما هاتوچۆ دەکەی



سالح بێچار

لەگەڵ مندا هە نگاو دەنێ بەچرپە، قسەم بۆ دەکەی
عیشقت نوێیە، کاتێك سەیری پەیامێکی کۆنت دەکەم
لە هەموو شوێنێك دەتبینم، هەست بە بوون و بۆنت دەکەم
وەکو (یەعقوب) وا کوێر دەبم (سەبری ئەیوب) لە کوێ بێنم
تا بەبۆنی کراسەکەت چاوی نابینام هەڵبێنم

***

2 ـ مزگێنی

ڕۆژانێکە.. وا هەستدەکەم جارێکی تر دێیتەوە لام
بە ئومێدی ڕۆژێکی وا دەست لەسەر دڵ، چاو لەڕێگام
ناسۆری ئەو هەموو ساڵە تۆی لە روحی من دانەبڕی
هێلانەی تۆ دڵی منە هەر دێیتەوە، چەند دوور بفڕی
گەر بێیتەوە گەورە ترین خەونی عومرم بە دیدێنی
کەسێ مژدەی تۆم بداتێ چی پێبدەم بەمزگێنی
تۆ.. هەنگاوێك بەرەو من بێ لێرە گوڵێك سەر دەردێنێ
بەفری سەرم دەتوێتەوە، وەك پرچی تۆ ڕەش دەنوێنێ
کەتۆ ونبوویت لە چاوانم سوێ چووە نێو ئێسك و خوێنم
هیوا و تاسەی بینینەوەت وایکردووە، من بمێنم !
دوا دیمەنت، نەخشی چاومە، دوا وتەت هەر لەگوێمدایە
پێ هەڵبگرە، سەربەرەوە، چونکە مردن لەڕێمدایە!

***

هەواڵنامەی کتێب

# چەند دێڕێک لە خۆشەویستی



دڵشادی عومەر کاکی

هەموو شتێکم بیر بچێ
ئەوە بەهانەیە... خۆشەویستم بیر بچێ
دەزانی...
کە خۆشەویستی گفتوگۆ دەکات
زانستی زانستەکانیش
بێدەنگ دەبێ و خەریکی گوێگرتنە ...؟
ئەی دەزانی...
بە خۆشەویستی...

برینەکانیش ساڕێژ دەبن
خواپەرستەکانیش....
پەیکەری خۆشەویستییان
پێ ورد و خاش ناکرێ
ژیان هاڕەی دێ...
ژیان ڕووخان و داڕمانە
ستوونێک ڕایگرتووە... ئەوە خۆشەویستییە
ئەوە خۆشەویستییە... بڕیار دەدات
کەلاوەکانیش....

لە کۆشك و تەلارە ڕازاوەکان
جوانترین
***
ڕۆژێك دادێت
هەموو کۆدەکان دەکرێنەوە
کۆدی پیلانەکان
کۆدی تیرۆر
کۆدی تاوان و کووشتن
بە تەنها ئەوەی کە ناکرێتەوە
کۆدەکانی خۆشەویستییە
چ برسێتییەکە
کە گیرفانەکانت چۆڵ و خاڵی دەبێ
چ هەژارییەکە
کە دڵت چۆڵ دەبێ
لە خۆشەویستی
کە بتوانی

لە تاریکی و نوتەکیدا دانیشیت و
دنیا بە ڕووناکی ببینی
ئەو کاتانە...
چاوەکانت هی خۆشەویستییە
بێ سەرمایەترین کەسن....
ئەوانەی
دڵیان خاڵییە لە خۆشەویستی
کە گیرفانەکانمان خاڵی دەبن
دەتوانین شتێك بکڕین... بە خۆشەویستی
شتێك باڵی کێشاوە بەسەر دەروونمدا...
دەبینم دڵخۆشم
ئەمە ئەو کاتانەیە....
کە سەرقاڵی خۆشەویستی تۆم
لە سەفەردا هەموو شتێکم بیر بچێ
جانتایەکم پێیە پڕە لە خۆشەویستی تۆ
***

کتێبی هەواڵنامەی

# لەناو سەری سەرەتاکانەوە کرۆکی کۆتایی



ڕۆژ هەڵەبجەیی

1-

مناڵی ماڵێکە بەستراوە بە ڕەوڕەوەی ئاوەدانی،
پیری ئەو کۆتاییەیە مەرگ هاوسێیەتی!

2-

پرچی ئەو کچە لە درێژییا
پیاسەی ڕووبار
کۆتایش مەودای مەقەستێکە
کورت بوونەوە لە هەناسەیا!

3-

لەناو سەرەتایی هێلانەدا هەڵقولێنی هێلکە
دوای جگەرەکێشانی باڵ و کۆتا دووکەڵ
مردنێکی بچووک هەیە بێ ئاسمان ئەویش
قریوەی قەفەس!

4-

ماچ لە کۆڵانی لەزەتا کە هاتووچۆ دەکا و
زەنگ لە دەرگا ئەدا خۆشەویستی بۆی
دەکاتەوە و دەڵێ:

چەندە ئۆرگازمە سەرەتا
کۆتایش سورەتی فاتیحایەکە
دابڕان دەڵێ: بیسمیلا!

-5

سەرەتا ئەنفال وتی: من ئەستێرەم دیوە
داگیرساوە،
لە چاوی ژنانی کوردا
کۆتا وتەشی دەڵێ: هەر ئەو ئەستێرانە،
لە چاوی ژنانا داگیرسان،
کوژانەوە لە چاوی دیکتا تۆرا!

6-

سەرەتایی درەختەکان کە باڵق دەبن
قاقا دەکێشن و بەر دەگرن
کۆتایی درەختەکانیش لەوێوە دێ
تەور بە خێرهاتنیان دەکا و
دەبنە کۆرسی کورسی و قەنەفە!

7-

کە دڵێك دەمرێ دەبێتە پارچەیەك لە خاك
و خۆڵ،
کۆتایی ئەو خاك و خۆڵەش کە دەلەرزێ،
چاوکردنەوەی چاوی گوڵێك!

-8

کانی دڵی ژنان سەرەتایەکە،
پیاوان ئاوی لێدەخۆنەوە،
کۆتایی پیاوانیش شارێکە بێ ژن!

-9

ئەوە هەر سیحری گوڵە بەڕۆژەیە لە سەرەتاوە
بۆ کۆتایی و
لە کۆتایشەوە بۆ سەرەتا
کە ڕوو دەکاتە خۆر، ئەوە فڕینە بەرەو فەنەری
عیبادەت
کە خۆر کۆچ دەکا و لە سەر شانی ئێوارەدا
دەمرێت
کە بەیانی هات و گزنگ داگیرسا
لە پلەکانی مردن دائەبەزێ و
هەمدیسان فڕین بەرەو فەنەری عیبادەت

هەواڵنامەی کتێب

-10

سەرەتا بۆن و بەرامەی چڵە ڕێحانەیەك ئەوەیە

پەنجەکانی بە پێکەنین بۆیە دەکا

کۆتایی ئەو پەنجانەش،

کە خامۆشدەبن ئەوە حروفی حەسرەتە کە

دەیشۆرن!

-11

سەرەتایی شەو ئەوەیە ئەستێرە

لەم چڵ بۆ ئەو چڵ دەفڕن

کە حەوشەی ئاسمانیش پشتی قەمور دەبێ

ئەوە کۆتایی شەوە،

بە فیکە کێشانی کازیوە!

-12

سەرەتا کە چرایەك هەڵدەکرێت،

هەموو تاریکی قووت ئەدا

کۆتایی چراش کەڵەشێرێکە دەخوێنێ!

-13

کە نەوڕەسەکان گفتوگۆ لەگەڵ دەریا دەکەن،

ئەوە سەرەتایەکە

بۆ دەستکەوتنی چەند ماسییەك

کۆتایی نەوڕەسەکانیش

لەناو تابووتی دەریادا ماسی دەیانخوا!

-14

سەرەتا لە کێڵگەی گەنم و جۆدا،

کە داهۆڵ (با) دەچنێ

چۆلەکەکان دەترسن

کۆتایی داهۆڵیش بیرچوونەوەی دروومانە،

بە هێرشی چۆلەکەکان!

-15

سەرەتا کە ڕەشەبا شەڕ دەکا،

بە لوورەکەی نەمامەکان دەلەرزن

کۆتایی شەڕەکەش بێ مێزی دیالۆگ

تەوقەکردنێکە لە دەستی دار چنارو شۆڕەبییا!

# کــە ڕۆیشتم



نیازی حەمەعەزیز

هەواڵنامەی کتێب

سواری ئەسپی گەواڵەیەکی سەفەریم و
باران، یادە تۆزلێنیشتووەکانم دەشواتەوە
ئەو یادانەی
زۆریم لەخۆم دەکرد لە بیریان کەم

نەمدەزانی نەرمی نیگا و
میهرەبانیی دڵی گەورەم
لە حەقی کینە و ڕقێکی قەد ئەستووری
هاوزێدە دێرینەکانم و
سەرباری نوێکانم نایەت
ڕقێک
بە هیچ سۆزێك، تا ئەبەد ناشۆرێتەوە
نەمدەزانی
قەدەری دڵرەق
لە مەیینی هەستی سەرسامیم
بە ئەفسوونی دیداری روحی
(ئاسکەکانی کێوەڕەش)*
(کڵاوی سەخری جن)* دەکاتە سەرم و

به تاڵاوی ماڵاوایی شادم دەکات
نەمدەزانی
ڕەو
بۆ نزاکانی بەردەم جوانی لاڵم دەکات و
قەتیسبوونی ئەشکی غوربەت
بینین و گێڕانەوەی
خەونە بەهەشتییەکانم کوێر دەکاتەوە
نەمدەزانی ئەو عیشقەی
تاکو ئێستاش مۆڵەتی مردنی پێ نەداوم
تاڵیی سرووشکی شیلە ئاسا و
خەندەی تاراو
دەکاتە سرووتی پووچی
فەلسەفەی ژین
ژیانێك پڕ لە بەتاڵی

دەستەو دوعا
بە تاسەوە ڕاوەستابووم
تاکو دڵۆپە کریستاڵییە
جوانەمەرگەکانی (قولە) بپۆشم و
بجۆڕێمە درزە تینووەکانی (بیتوێن)ـەوە
دەمویست
شێتانە سێبەری
دارتووە گیانکێشراوەکانی (کوێرەکانی)
بەخۆم دادەم و
لە (نووح) ێك ڕزگاربوون داتاشم
دەمویست،
بەر لە ڕەجمکردنی روحم،
لە بن ساباتی
وشە یاقوتییە یاخییەکانی (مەنگوڕی)* دا
بە ناڵەی لاوکێکی دڵبرژێن
لاسایی خۆم بکەمەوە و
مەشخەڵێکی دی، لە ئاورینگی پەیف
لە بیچمی (شاری ڕانیەی قارەمان)* بایسێنم*
ئیشتیام بوو
لە (خەڵوەتی ئەدەب)دا
لەبەر چەپکە تریفەی دڵەگەرمەکاندا
هەڵتروشکێم و
لوێچێك لە ئاونگی دادگای سەرمەستان و

دیدگای سەربەستان، بێنم و
غوسڵ لە مەزرای موو دەربکەم و
(قەیرانی مووس)* بچڕمەوە
لە داوێنی خەمی ڕەودا
بە ئاوڕێکی بێناز و سڵاوێکی هیواپۆشەوە
لە بەرسیلەی ئەمڕۆکە،
هێشوە ترێیەکی سبەی
دەخەمە بەرچنەی بەختمەوە
نەکا وەهم لاڕێتان کات..
نەکا بڵێن:
!!(غەریبێك ڕۆی لە شارەکەم)

---

* ئاسکەکانی کێوەڕەش: ناوی شیعرێکمە لە دیوانی ـ نزیکترین دووری ـ دایە
* کڵاوی سەخری جن: کڵاوێکی ئەفسانەیییە. ئەوەی لە سەری کات لە چاوان ون دەبێ
* مەنگوڕی: شاعیر و ڕۆشنگەری مەزن میرزا مەنگوڕی (١٩١٠ ـ ١٩٨٨
* بایسێنم: دابگیرسێنم
* شاری ڕانیەی قارەمان ـ یەکەم سرووودی ڕاپەڕین ـ شیعری خۆم.
* خەڵوەتی ئەدەب ـ لە ڕانیە لە ساڵانی ٢٠١٣ ـ ٢٠١٥ گرووپێک بووین، چالاکیی ئەدەبیمان ساز دەکرد.
* قەیرانی مووس. ناوی شیعرێکی هاوڕێی شاعیرم ـ هەمزە گوڵانی ـ یە.

هەواڵنامەی کتێب



# دوو هەنگاو نزیکتر لە پاییز



ئیبراهیم هەورامانی

(١)

بەهار

بۆیە هێندە جوانە

لەشێوەی تۆ دەچێت!

***

(٢)

هەواڵی ڕۆشتنت

لە هەڵکردنی ڕەشەبای ڕۆژێکی پایز دەچێت

وەك گەڵای درەختێك

بێ لە وەرین

بژاردەیەکی تر شك نابەم!

***

(٣)

تۆ نیت و

لە نێوان من و نەبوونی تۆدا

هەزار و یەك غەم هەیە!

***

(٤)

یادی تۆ
بە شەمەندەفەر دەچێت
منیش موسافیر!

***

(٥)

یادی تۆ،
بە شەمەندەفەر دەچێت،
منیش، موسافیر!

***

(٦)

تەنیایی
دەستم دەگرێ و
دەمباتەوە
ئەو شەقامەی
پێکەوە باسی خۆشەویستیمان بۆ یەك
دەکرد
پێکەوە پێدەکەنین
دڵمان
پێکەوە لێی دەدا
دەممان
پڕ دەبوو لە تامی گێلاس
ئەو شەقامە
لەو کاتەوە
پڕ پڕە
لە پێکەنینی تۆ
لە باسی خۆشەویستی!
تەنیایی، هاوڕێیەکی ئازیزە لای من!





***

(٧)

چ زوو،
ڕۆشتیت
چ زوو
پیربووم !

***

(٨)

بەهاریش
وەك من وایە
کە دەبینێ تۆ نیت
دەبێتە پاییز !

***

(٩)

دانی پێدادەنێم
کە پیاوێکی ترسنۆکم
دەترسم
تۆ بمریت و
من نەمرم !

***

(١٠)

لە جێ پێیەکانت دەڕوانم و
دڵم دەگیرێ
هیچ کات
مانگ گیرانت دیوە
شەو
چۆن دەکاتە دەیجوور!

***

(١١)

تا ئێستا

هەر شیعر دەنووسم

کەواتە

هێشتا هەر تۆم خۆشدەوێت!

***

(١٢)

زستان

دەتوانێت، ببێتە شاعیر

شاعیرەکان،

دەست تەزیوو،

هەناسە ساردن !

***

(١٣)

هەموو،

ڕۆژەکانم خۆشدەوێن

لە هەموویان زیاتر،

دەمەو عەسرانی هەینی

بە تایبەت،



ئەو چرکەیەی

من وتم تۆم خۆشدەوێ و

تۆش وتت: منیش!

***

(١٤)

خودا،

کە تۆی خولْقاند

دەیزانی،

چەندم خۆشدەوێی،

منیشی خولْقاند!

***

هەواڵنامەی کتێب

(١٥)

دەتوانم،

شیعر بنووسم

گۆرانی بڵێم،

نیگار بکێشم

تەنانەت،

دەتوانم ببمە سیاسەتمەدار

بەڵام من پێم وایە،

ئەم ژیانە،

تەنیا بۆ ئەوە گونجاوە،

بیر لە تۆ بکەمەوە!

***

( ١٦ )

وەك بڵێی،

ناوت گێلاس بێت

کە ناوت دێنم،

تامێکی شیرین،

دەڕژێتە ناو دەممەوە!

***

(١٧)

باران دەبارێت



چەترەکەم
بیری دەستەکانی تۆ دەکات!
***

(١٨)

لە بارەی،
پاییزەوە دەپرسی؟
پایز واتە:
جێ پێ بەجێماوەکانی ژنێك!
***

(١٩)

دەزانم،
خودا لە شاعیرەکان نیگەرانە
من لەبەر تۆ،
بوومە شاعیر!
***


(٢٠)

ڕۆژێك دێت،
دەردە داری نابینیت
چی دەرد هەیە،
لە نێو دڵی منا خۆی حەشار داوە!
***

هەواڵنامەی کتێب



# گۆرانییەکی نابەڵەد لەگەرمیانەوە دێتەوە



چنوور نامیق

هێشتا خۆر لەوەنەوزدایە
گۆرانییەکی نابەڵەد لەگەرمیانەوە دێتەوە
لە بۆنی روحم دەگەڕێ
سترانێکی رووتوقوتی وەك حەقیقەت
پرچم لەگەڵ خۆیدا دەبا و
بێمەیلانە تێکی دەدا
****

هێشتا دڵم بێ خەبەرە لە شەڕەکان
لاوکێکی دەستبەنوێژی پڕ لە وەفا
ڕاست و دروست وەکو ئەوپەڕی بێدەنگی
ڕامدەژەنێ
جار نەجارێ گوڵاوی عەشقی بابردوو
بە رووی زەردما دەپرژێنێ
***
هێشتا خۆر لەوەنەوزدایە
بەیانیان خۆی حازر دەکات بۆ چوونە ناو

ئاوەدانی

من بۆ ئێواران دەگەڕێم
سترانێکی یەخە دڕاو دەستی مەقامێکی
شینی توند گرتووە و
پێکەوەڕا سۆراخی
ونبوونم دەکەن
فوتبۆوڵی مناڵەکانیان لێ دەبێتە دڵی من و
وەك ئەو پیاوەی خۆشی ویستم و
خۆشم دەوێ
فاوڵی دنیای پێدەکەن
منیش هێشتا تاڵەکانی قژی خۆم و
فاوڵەکانیان دەژمێرم



***

چاوێکم جوان جوان ڕەشتووە
ئەوی تریانم بیر چووە بەلای تۆوە
ئەی بەڵای خوا
لێمبەرەوە
هێشتا خۆر هەڵنەهاتووە
گۆرانییەك بۆن
بە بوونمەوە دەکات و
ناگاتە جێ
گۆرانییەکی گەرمیانی
ئاوازێکی دوکەڵاوی
وەفادارێکی نەوتاوی
چاوگڕگرتوو و نیوە سووتاو
دێ و بۆن بە روحمەوە دەکا
گۆرانییەك
دوو سەردەمە لە زیندانی سینەی ئەویندا نوستووە
لە لەرینەوەی دەنگمدا قەتیس ماوە
دڵی کردووم بە قەفەز و دێت ونایە

هەواڵنامەی کتێب

هێشتا خۆر هەڵنەهاتووە
سترانێکی تازە ونبووی گەرمیانەکەم
بە ڕدێنی سپییەوە
نیانانە بانگم دەکات
هێشتا بەیانی نەداوە
هێواش هێواش
وەکو شەکرە خەمی سپی
لە فنجانی ئێوارەی دەستەکانتا دەتوێمەوە
ئاوازێکی هەوری لاری فرمێسك لە چاو
خۆی دەکات بەژووری دڵما
ئەم گەردوونە بەجێدێڵێ و
ناگاتە جێ

دەنگی تۆ دێ
نایناسمەوە
هەرکە دەڵێی ئەم گەواڵە خەمە ئیتر مەکەرە
بەر
جلەکانم فڕێ دەدەم
قژەکانم دەڕنمەوە



تاشە بەردێکی سوتاوی ئەوپەڕی بوون
دەکەمە ماڵ
جگە لە فرمێسك و گەلا
بێ لەسەمای سوتاوی گوڵەکان هیچ
نابینم
نابینام و...
گۆرانییەکی گەرمیانی دەستم دەگرێ
بۆنم دەکات
دەمباتەوە بۆ منداڵی
گەرم دادێم
لە بازاڕێکی عەرەبدا

بۆ دەستی دایکم دەگەڕێم
نایدۆزمەوە
شوێن هەموو عەبا بەسەرەکان دەکەوم
کەس بۆنی دایکمی لێ نایە
ئاپۆرایە
بۆ دەستی باوکم دەگەڕێم
شوێن دەیان پیاو دەکەوم و نایدۆزمەوە
ئێستاش حەسرەتی داخبووی تۆم لە دڵدایە
وەك جۆلانە دێم و دەچم

چاویلکەکەم
جێدەنووکی چۆلەکەیەك زۆر جوان زاماری
کردووە
ئەودیوی کەونی لێدیارە
وەك پەنجەرەی کراوەی نێوان سەدەکان
جار جار لەوێوە دەتبینم!
هێشتا بەیان بانگی هەستانی نەداوە
وەکو شەکرە خەمی سپی
لە فنجانی ئێوارەی دەستەکانتدا
نازانم لە کام زەمەنە ئەتویێمەوە؟

2020-6-15

کتێبخانەی ئەلنامە



# لە گوڵدانی فرمێسکەوە





عەبدولڕەحمان پێلاف

(1)

نازانم کامەیان

نازانم...پەنجەکانت بە سوێترن

یان عوودەکە

نازانم ... پەنجەکانت ڕووناکترن

یان مۆمەکان

نازانم ... پەنجەکانت زوڵاڵترن

یان ژێیەکان

نازانم...پەنجەکانت پڕ سۆزترن

یان هەژانەکان

نازانم ... کامەیان کامەیانن

عودەکە پەنجەکانتن

یان پەنجەکانت عوودن!

(2)

له بێهێزی و نەهامەتیم
لەهەرچییەك کەمن هەمە
لێم ببوورە
دەنگم ناگاتە دڵی تۆ
کە تەنیا بستێك لێم دوورە

(3)

کە (با) لەپەرچەمت دەدا
شکۆفەی ڕووت دەکرێتەوە
لێوت دەبێتە شەڕاب و
بەهەناسەم دەخورێتەوە


کە(با) لەپەرچەمت دەدا
ئاسمان دادەکاتە باران
چی لە ماچی تۆ خۆشترە
لە ژوانێکی لای ئێواران

هەواڵنامەی کتێب



# سەلماو ..
# پرپاسکەیەک لە غوربەت





سەلما تۆما کاکۆ

لێرەوە

لەو سارد و سڕییەی غوربەتەوە

دەبمە چلورەی گوێسوانەی ئازارو..

خۆڵەمێشی کوانووی ،

بیرەوەریەکانی عیشقێکی ماندوو

هەرعیشقە...

کەشتی خەیاڵ

بەناو دەریا تاڵ و شیرنەکانی

جارانمدا دەگێڕێ!

دێم و دەچمەوە

ژوانی ژانەکانی وەرزی ژیان و

ماڵی سپی سەفین و

هەواری جارانی

سەربەنێکی ڕەنگ زەرد و

شەقڵاوەیەکی بزر!!

***

لێرە عیشقێك دێتە گۆ

من بزرم یان تۆ!

نا .. من بزرنیم

چوون ، لێرەوە

خەمی ڕۆژانی بزربووم

لە ڕۆژژمێری ڕەش و سپی پیرە هەولێرێدا

دەنێژم

دێم و لەو غوربەتەدا

بۆ سەلوا و سەبووریی

نیگای تەلیسمی جەستەی

(عاشقێکی سەرەڕۆ )

دەخەمە چوارچێوەی

تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگ و

ملوانکەیەك لە مرواری هەتاو

بۆ گەردنی زەردی پیرمام دەچنم و

مەدالیایەك

( لە ماچە زەیتوونییەکانی) بێترمە

دەکەم بە یەخەی سەفینە سەرکەشەکەی

خۆشناوان

لەوێ



لە زەماوەندی حەزی ناکامی ڕەهێڵەو

سەمای باران و

گمەی کۆترەکانی سەرگومبەزی

گۆنای عیشقێکی کریستاڵیی!

لە گەواڵەی هەوری سپی ساڵەوە

دەستاری تەمەن لە هەبوونم دەگێڕێ و

گەنمی مەملەکەتی ژیان و

عیشقی نەوسنی ئادەم و

حەزی حەوا دەهاڕێ

مێشهەنگی ماندووی ژیان

شیلەی غوربەت و

هەواڵنامەی کتێب

(خەمی نان ) دەمژێ و
خەیاڵی  ڕۆژانی ڕابردووم،
دەکاتە ڕەژوو
ئێستا من
لە چوارڕیانی ، شەقامێکی جەنجاڵی
وڵاتێکی پڕ لە غوربەت و
خاڵی لە خۆشەویستی
بوومەتە پەیکەرێکی ڕەزاگران
پەیکەری خەمی گریان و نان!

***

شەوانە ...منی ژن
لانکی ئیلهامی شیعری،
قەڵەمێکی یاساغ ڕادەژێنم و
بەدەم خونچە شیعرەکانی
ئەوەوە پێدەکەنم و..
گوێ لە تریەی دڵکۆتری نیشتمان
ڕادەگرم و
کتێبی هەستی شەشەمی
هەولێری قەڵا و منارە دەخوێنمەوە!
ئێستا من

دوور لە جوانیی  نیشتیمان
ڕۆژەکانم دەنووسمەوە و
ئەویش
لە خەمی خۆیدا دەسووتێ و
یەخەی  (ڕۆژ)  دەگرێ و
بەرۆکی ئەفسانەیی (شەو)  دادەدڕێ و
هەگبەی تریفە و
نهێنییە  چەماوەکانی پەلکە زێڕینەو
خورجینی  ( خۆرو ئەستێرە)
لەژێر دەواری سپی باراندا دەترازێنێ!



بارانێك..
بۆنی غەریبی شارۆچکەکەم دەشواتەوە و
ئومێد دێنێتەوە ماڵی دڵم!!
دڵێك لێوانلێو لە عیشقی
وشە قەدەغە کراوەکان و
بریندار بە سەرگوزشتەی
حەزە سەربڕاوەکان
ماڵێکی کۆستکەوتووی بێناز
تژی لە خۆشەویستی و ڕاز
چاو لە دەستێك دەگێڕێ!
ژیریکاتەوە و..



تۆز لە سەرسنگی سپی
لاپەڕەی خەمەکانی بتەکێنێ!!
***
لێرە ... یادەوەری منداڵیم
گڕوو لە تیشکی ئاسۆی،
نیشتمان دەگرێ و
لە ئاوێنەی بەهاری گەنجییمەوە
تەماشای ئەلبوومی یادو
ساڵە بزرو بەهەدەر چووەکانی
تەمەنم دەکا
تەمەنێك لە پیریدا پێشوازیم لێدەکا و
جارانم وەبیر دێنێ!
***
لێرە شار بۆنی غوربەتی لێدێ و ..
زەردەخەنەی ئێوارەیەکی پڕحوزن
جووتێ گوارەی خەنەیی،
دەکاتە گوێی ژووری دڵی تەنیام و
ملوانکەیەکیش
بۆ ملی ( خەجە باوە)ی،
تەواری شارەکەم بەدیاری دێنێ

هەواڵنامەی کتێب



خەجێك،..

خۆشەویستی  سیامەندەکانی هەولێر

دەکاتە هاواری تاساوی راسانی ،..

داربەڕووەکانی سەفین و

کانیلەیەکی هەڵقولاوی

بەر ڕەوەزی بەهاری  کۆڕەوی

نیشتیمانێکی دەواربەکۆڵ

من دەزانم بیرەوەری جێژوانی جاران و

ژوانی زوو

گۆرانی (دابڕان) لە مایکی غوربەت و..

تەنیاییدا دەڵێتەوە

لێ چەند دووریش بیت

دوو ئەوەندە لێت نزیکم

ئەی ئەو نیشتمانەی،

لە دوورەوە بۆت دەسووتێم و..

هۆگربوونت نابڕێتەوە!

***

نیشتمان... هێندە

لە دڵدا لێت نزیکم

نزیکتر لە عیشق و مردن

لەو عیشقەی

ناخی حەزە یاخییەکان

لەنیشتیمانی فرمێسکە هەڵوەریوەکاندا

دەهەژێنێ

لەو مردنەی تەنیایی لەگەڵ خۆی دەبا و

هەناسە و ڕۆح بەبەر جەستەی

خاك و ئازادیدا دێنێ!

ئێستا لە چاوی نیشتمانی مندا

بزە دەمرێ و

فرمێسك لەدایكدەبێ و
چرۆی عیشقێكی ئیلاهی
ڕۆژبەڕۆژ گەشەدەكا و
پریاسكەی سووری غوربەت و
ڕازی نهێنی
من و ئەو دەترازێنێ
پەنجەرەی ئەوین
بەڕووی ژیان و ژواندا، دەكاتەوە
تا زەردەخەنە و ئەسرین
لە كوانووی غوربەتا دەتوێنەوە و
فریشتەكان بۆ گەڕانەوە بەرەو
نیشتمانێكی بێناز و
دڵشكاو وەئاگادێنێ!

***

ئەڵمانیا / 5/5/2025

---

سەربەن: شارۆچكەی پیرمامی جاران
بێترمە : گەڕەكێكە لە شەقڵاوە ، بەناوی كانییەك ناونراوە.


---

هەواڵنامەی كتێب



# چرۆی عیشقێکی دێرین





خالید فاتیحی

دزەی نێو نیگاو بزەی سەر لێوت
دڵ و دەروونیان گەشاندوومەوە
ژیلەمۆی کزی چەند ساڵەی عیشقت
سەرلەنوێ دڵیان بووژاندوومەوە

* **

کاروانی ڕازو گلەیی و نازت
دیسان هاتنەوە سەر دۆخی جاران
(مەکە و ئەیەڕۆ)ت لە دەم بەرنەدا
کەی ئەوە بوونە ڕەوای دڵداران

* * *

ئەستێرەی گەشی دیدەکانی تۆ
کێشیان کردمەوە ئاسمانی ئازار
شەوانە بە دەم پەژارەی تۆوە
ئەشکیان پێ ڕشتمە سەر گۆنای زامار

* * *

زەردەی دەم کەلی ئاسۆی خۆرنشین
یادگارێکم بیر دێنێتەوە.....
کسپە لە دڵ وجەرگم هەڵدەستێ و
زامێکی کۆنم دەکولێنێتەوە!

* * *

لە ناو ڕووخساری تریفە ئاسات
دەیان ئاوات و حەز دەخوێنمەوە
بەڵگەن بۆ عەشقی پاك و دێرینمان
وەك هیمۆگلۆبین چوونە خوێنمەوە

* * *

هەرچەند ڕەشەبا و تۆفی مەینەتی
بۆ کاتێکی زۆر لەتۆی ونکردم
کەچی ڕووباری خوڕو بەرینت
کەشتی ئەوین و سۆزی نەبردم

***

دیسان نەمامی چەندساڵەی عیشقت
لەم بەهارەدا خۆی نوێ کردەوە
بەرگی مەینەتی لە خۆی دادڕی و
سەر لە نوێ خەڵفی تازەی کردەوە

* * *

دەستی لەرزۆك و سینەی پڕ ئازار
ئەمجاریش تەزووی شادیان تێگەڕا
مەلی ئاوات و حەز و خۆزگەمان
بەدووندی بەرزی هیوا هەڵگەڕا

* * *

لەپای ڕەشماڵی ئەگریجەی خاوتا
کانی نەزۆکی شیعرم تەقیەوە
پەنجەرەی شادیم لە ڕوو کرایەوە و
تەمی نامۆییم لە ڕوو ڕەویەوە

* * *

بونچەی ئەندێشەی تەمەنێك دووری
دامان نا لەسەر سەکۆی حەسارێك
جۆگەلەی عەشق و سۆزی هەردووکمان
یەکیان گرتەوە و بوونە ڕووبارێك


* * *

کەنجاڕێ
2/5/1987



هەواڵنامەی کتێب

# غەریبیت دەکەم



## ئاوێزان نووری

مودەتێکە تەنها سەراب دەبینم
تێگەشتم کە من بێ تۆ بیابانێکی وشك هەڵاتوم
کەی دەبارێی بەسەرمدا ئەی جوانترین هۆکاری
سەوزبوونی من
دەی خۆ لەم مەملەکەتە وێرانەدا هیچ کەسێك
لە خۆی نەچوو
منیش بێ تۆ لەخۆم ناچم
نە دەنگم دەتوانی چەشنی کەناریەك بخوێنێ و
نەڕەگم دەچێتەوە سەر گەنم و
نەپەنجەکانم دەتوانن سەمفۆنیای ژیان بژەنن،
نەچاویشم حوکمی بینینی ماوە،
خۆ دڵنیام
وشکە بای پاییزیش بێ بەریە لە شەقاربوونی
لێوەکانم
غەریبیت دەکەم و لە بێ تۆیدا باوەش بە
وێنەکانتدا دەکەم
نازانم
چەند چاوی دیکەم پێویستە بۆ هاتنی تۆ
چەند نزای دیکەم پێویستە بۆ گەیشتن بە
دیداری تۆ
چەندپیتیتر بچنمەوە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی تۆوۆ
ئەدی چەند قاچی دیکەم پێویستە بۆ هەڵاتن
لەم تەنیاییەمدا
تۆ لە کوێیت؟
حەسرەتێك هات و لە بری تۆ لە ئامێزی گرتم،
پاییز هات و لە بری تۆ نازی هەڵوەرینی
هەڵگرتم
خەم هات دڵنەوایی کردم
تۆ هەر نەهاتی هاوروحی من

***

# دڵێ چریکەو گۆرانیانە پەیت گێڵو





نامق هەورامی

ئێسە شۆنە و ویمەرە گێڵو،
کەس نمەزانۆ هەنا چکۆ،
تەنیا ویم مزانو ..ویم
سەرو تەوەن نماو سینەو تۆوە
نماو وەرکۆتەی کەرونە،
دێڕ دێڕ قژەکات موانوۆ
گەرەکما مەردەی نەبەرۆم،
تا دما لاپەڕەو کتیبەکانە ،
بە نیچەی واچونە:

شێتی من و تۆ ملۆوە دلی چوەکۆ پیرشالیاری و
پەڕە پەڕەو ماریفەتو پیری ...
من ئیسە ،
دیارو وەفاو نازاریوە نیشتەنارە
سیاوچەمانێوی تازەتەر ماچونە
سەرەکۆ وێت قەسەم.....
زانو،
کەی گەرەکت بۆ وەهاری ماری و
پایزی کەری پەڕۆی بێنما..
دەسێ ماری زەخمەکا لاشەو عیسایەرە و
چەمەکات وزی بارەرە ...

کتێبو گرد پیغەمەرەکا سۆچنینەو
گجی وناڵینو یوسفی
مژەی تەنافەو ئایەتەکارە...

دنیا تەماژارو ئامایت بێ و نامای،
چێڵە ویرش شیۆ کڕەنە
ئاوی مانێوەش نەمەنە پەی دڵتەڕی
ڕووەکێ حەفتەنە زیێرە
ساڵەکێ نەپێکاشاوە پێگەنە و
بەرەو کتێبەکا گر بەسیا،
وەر بەرناما،
ناچار کۆڵێ نیگەرانی عەمریم
دابێ کۆڵمەرە
ئایچم سۆچنا
هیچێ دڕ بە نەبیەت مەژۆنە...

دلێبەرەو ماتیلبێوی گەرمییەنە پەی ئامایت،
ئاوەو پەیاو وای ئاما،
ئاوی بەنخش گێرت
هامن ئارەقی سۆزو سورش مت




پیری تەکەش دا لامەوە
مەردەی بەقاچاخ دە بارێ ژیوایش بەرد و
تۆ هەر نامای....

واتشا رەنگا دمای ئی دنێ بەی
بە بێیۆڵی ویمۆ نیشتارە و
ژیوای بەشو نامایتش نەکەرد
پەشتۆ کەڵەکە وڕایەکا ژیوایۆ
مەردەی زو زو ملێ کیشی
- ئەلۆح هەڵای نەمەردەنی؟
نەزوانم بێ جواب دەوە،

نەدەسم یاوی لا تاتێم
پنەش واچو:
بێقەزابی
ئێنە چ گۆبەنێوەنە پەیت نیاناوە؟

پیحاڵەیحۆ
وەرودەمو مەردەێوینە گیرم کەردەن،
مەزانۆ نامۆ وێش بنویسۆ،
دەسو هێزمێوی پیریۆ قوشقی بیەنا،
نمازۆ مریحڵێش سەرۆ نیشۆوە.
جەنگو وەری و گەڵای مانانا،
نمازۆ وەرەشێڵە بێنە دلێ هەرزەلێ.

تۆیچ یوە یوەی شیعرەکام وانیۆ،
بەبێ ئێنە بزانی چی پژگیانا.....
دلێ پژگیایحمەنە
بۆپشمین منیەو سەرو زامانم
پنەت ماچو:
سپاس نازارەکێم
ولەکی تۆ ، دەسو دڵ سێرێنێ
زمسانو منەنە زیێ،
گەرمی دەسەکات چ عالا
سێخچێ تەنیایی پاسارەکامشا تاونێوە،
تا یانۆ سەردابەردەیم نەوڕۆنە



هەواڵنامەی کتێب

# سەمای گەڵایەکی ئاڵودە



مەهدی زریان

ڕەنگە ئەمە دواین شیعر و
دواین گێڕانەوەی چیرۆکە ئاڵۆزەکانی
من و ئەو ڕۆژگارانە بێت
کە هەزاران ڕەنگ و
سەدان خەونیان لەخۆیاندا کوشت،
دەشێ ئەمە دواین باران و
کۆتا ئازار و تورەیی پەڵە هەورێکی تاراوبێت
کە لە بەهارێکی درەنگدا دەیبینم

لەوە دەچێت
ئەمە دواین ناڵەی وەرز و
کۆتا دڵۆپێ فرمێسکی ئاسمانی شەکەتبێت
بەسەر تەرمی پیرە زەویدا بڕژێت!
پێوانیە لەم پایزە درەنگەدا
ئیدی بتوانم بیر لە خۆم و
ئەوانی تر بکەمەوە
باوەڕ ناکەم کەسێکیش هەبێت
لە کەناری ڕووبارێکدا بەمەستی

منی بیربکەوێتەوە!
پێناچێت شوێنپێیەك مابێت
تۆز و گەڵای هەڵوەریوی ساڵەکان
داینەپۆشیبێت،
گریمان فریایی نوسینەوەی بیرەوەریەکانی
خۆم کەوتم کێ دەیان خوێنێتەوە؟
کێ لەوهەموو چیرۆکە تەواونەکراوانە تێدەگات،
ئەودەمەی ژیان لەبەرەبەیانێکدا
منی دەنووسییەوە
من لە ئێوارەیەکی درەنگدا
خەریکی خوێندنەوەی
نێو لەپی ڕووبار و
ژماردنی چرۆی درەختەکان بووم،
هەر چۆن لە بەرەبەیانی زستانێکی سارد وسڕدا
لە دایکبووم
یەقینم هەیە مردنەکەشم دەکەوێتە نێو
ئێوارەی هاوینێکی گەرم و درەنگ وەختی
پڕ لە غوبار،
***

هەواڵنامەی کتێب



# ڕژان




حەمید قەڵادزەیی

ساڵانێکە، تۆ بێبا کی و
منیش خۆرا کی خەمێکم
ساڵانێکە،
پەنجەم سڕەو زمانم لاڵ،
ماندوی ڕەوینی تەمێکم
لە ڕەنگی زەردم مەڕوانە
گەڵایەکی سەرگەردانم
بۆیە شیعرم تەنیا هاواری خۆم نییە

گڤەی بای نێو دارستان و
ڕەنگی گەڵای، وەریوی دەستی زریانم
دڵم، کوشتەی هەوارێکە
هەمیشە کەیلی ڕژانە
نازانم تۆش کەی دەباری
گەرچی هەوری چاوی دڵم
هەمیشە هەر لەبارانە
ترپەی دڵم،
گوڵە ئەستێرەی شەوی قژی تەلارێکە
هەر تاڵێکی بەدەم کزەی ئێوارەوە
ژێی تارێك و
تابلۆی سەمای گوڵزارێکە
لە پەنجەرەی تەنیاییما
دەڕژێمەناو ئازاری برینی خۆمەوە
ئەو برینەی
چریکەی مەلێکی نادیارە و
کەوتۆتە ناو هەرێمی دێوی خەمەوە
****

# لە چاوشارکێی منداڵیدا
## تۆم ونکرد!





ڕەوەند ساڵح/ سلێمانی

-لە چاومدا وێنەیەك هەیە
هەرگیز كاڵنابێتەوە
-ئەو بەیانییەی تەیرەكەم هەڵفڕی و نەگەڕایەوە
لێرەوە باوەڕم هێنا
گرنگیپێدانی لە ڕادەبەدەر هەڵەیە هەڵە
-لە پێیەكانمدا هەنگاوێك هەیە
قورس قورس
-لە هەنگاوەكانیشم ئومێدێك دوور دوور

چاوەڕوانیم شەكەت بووە
-لە واقیعی مند
خەیاڵێك هەیە قەدەغە
هەر جارێ چاو دائەخەم
دوعا دوعا بەردم تێدەگرن
- گەرووم هاوارێكی تێدایە
لە مردن نەبێ لە هیچیتر ناچێ
پاسپۆرتەكان كاسن بە بێدەنگی
ڕێگاكانیش ئامادەن بۆ سەفەر


***

هەزارنامەی کتێب

- تۆم ونکرد
لە چاوشارکێی منداڵیدا- تۆم ونکرد
لە چاوشارکێی منداڵیدا
- لە خەونمدا تۆ ئەستێرە بوویت،
منیش بەلەمێکی تێکشکاو
ڕاتکێشام
-سیاهی بەختی خۆم
ئەوکاتە خوێندەوە،
کە بینیم ڕەنگی چاوت ڕەشە
-ئومێدم پێت مابوو
بەمەدا دەمزانی
هێشتا تووشی زەهایمەر نەبووم
- لە نێوان عەقڵ و عاتیفەدا
تۆ هێڵێکی تەریب بوویت
هەم چاك و هەم جوان
- باوەڕم نەبوو چوویتە عەدەم
چونکە لە ڕاستیدا
خۆت حەقیقەت بوویت
-خۆت دەتزانی مەعقولترینی
بۆیە ئەم خەرابستانەت
بە شایستەی خۆت نەزانی
- بێ ئومێدی شتێکی هیچە
بەردەوامی مەزنترینە
مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە
- زەمین با هەر بسوڕێ
گەردوون چی دەکا با بیکات
ماجەلاَن هاتەوە هەمان خاڵ
- لەو جێیەدا وەستام
لە چیتر بیرکردنەوەت
کاتێ تۆم لە تابلۆیەکی بیکاسۆدا دۆزییەوە
-فیداکاری خۆکوشتن نییە
هەڵوێستە
دژی خەیاڵە نەرێنییەکانی خۆت
- دەبێتە سمبولی شیعرەکانم
گەر لە عەسرێکی پەمەییدا
ببیتە بکەری پیاسەکانم
-نە دووری بێئەرزشە
نە نزیکی بە ئەرزش
گرنگ من هەم
تۆ هەیت

# یـــادێکی پـــاییزانە





لوقمان باپیر

هەواڵنامەی کتێب

چەند پەڵە هەورێ ئەوا پێکدا دێن
دوای چەندێکی دی شەستە دادەکا
زەنگی سەرەتای پاییزیساڵە و
بە چرپە دەرگای یاد واڵا دەکا

***

خۆم و کۆمەڵێ پەڕەی زەردی یاد
پەرۆشی چێژی یەکەم بارانم
بڵێی خاك بۆنی جارانی بدا و
ساتەئاهێکیش بدا بە گیانم؟!

***

ئێواران وەکو تیشکی زەردەپەڕ
دادەکشێم بەرە و قووڵایی ناخم
پشکۆی یادێکی جاری جارانم
گڕ بەردەداتە دڵ و دەماخم

***


دەستێکی خەفە جڵەوم دەگرێ و
هەنگاوەکانم دەستەمۆ دەکا
منیش شێتانە وا دوای دەکەوم
دەڵێی نازانم بەرەو کوێم دەبا!
تاچاو هەتەرکا بۆ دوور دەڕوانم

ئاسۆ خوێناوی غەمی تێزاوە
گوێبیستی کەس نیم هێندەدەزانم
لە دەوروبەرم هەر ژاوەژاوە
***
هەنگاوەکانم لەخۆم غەمبارتر
ئاسۆیەك نییەبمگرێتەخۆی
پرسیارێك روحم وەئاگادێنێ
هێی... کۆنەبرین! بەرەو کوێ دەڕۆی؟
***
شانم بەرشانی چەندکەس دەکەوێ
بە مڕومۆچی لە ڕووم دەڕوانن
بە تیلەی مۆنی نیگایەکیانا
تێدەگەم کە بە شێتم دەزانن
***
ئاخۆ... کەی منیش، لەناو بازاڕا
بۆ خەڵك ببمە جێی گاڵتەجاڕی؟!
ئاااى ئای لە ئەقڵ و بۆچوونی مێگەل
چەند دڵ و گوڵی ناسکی هاڕی!
***

خۆر لە ئاوابوون نزیك بۆتەوە
ئاسۆ تاریکیی داوە بەسەریا
سەرم تریفەی ترسێ دەپۆشێ
کفنێکی زیوین دەکا بەبەریا
***
ئەوشۆ ڕابردوو دەکەم بە کێڵگە
دانەوێڵەی خوێی تیا دەوەشێنم
دەترسم دێوی خەو بمڕفێنێ و
سەرپاك خەرمانی یاد بدۆڕێنم
***
چنگم دەنێمە بینی وەنەوز و
لەسەر پێڵوومدا دەیکەمە سەهۆڵ
باری برینان لە کۆڵ دەنێم و
دەگەڕێمەوە بۆ تەمەنی چۆڵ
***
هەستدەکەم ئەوشۆ، لە دوا وێستگەدام
سبەی خامۆشیی دواسەفەر دەمبا
جێگام لە یادی کەس نابێتەوە و
بوونم دەبێتە پووشێکی دەم"با"

2015-05-25

# من و دارا





کەمال شێروانی

پێش پەنجا ساڵ
لەسەر شۆستەی شەقامی شار
لەگەڵ دارا ، دوو دارمان دی
جوان و نازدار
بوون بە مەزار بۆ سەیرانی فەسڵی بەهار
دار گەورە بوو
ئێمەش گەورە
دار داچەما بەڵام بێ ناز

ئێمەش بۆز و دڵ پڕ هەرەس
هیلاکی نشێو و هەوراز
دوای پەنجا ساڵ
من دارێکم ڕیشەکێش کرد
بۆ ڕێگری لە شەختەی ساڵ
داراش ئەویان
بۆ کوورەی بەر ئاگردانی
چێشتی منداڵ

# دووری



سروەی بەیان

تا دوور دەکەومەوە
تەونێکی ئاڵۆسکاوی
لە ناخم جێدەمێنێ
لە هزرو هۆشم دەئاڵێ.

لەباڵی ئەو پەروانەیە دەچم
لەناسکی و نیانییدا
بە دەسلێدانێک هەڵدەوەرێ و
لە پەرواز دەکەوێ.

لە گەڵای زەردو سوورباوی
درەختێکی پاییزی دەچم
هێدی هێدی
بەدەم خەزانەوە هەڵدەوەرێ.


لەو باویلکەیە دەچم
پەرش و بڵاوە
شنە بایەک یاری پێدەکا
دەبیا و دەیهێنێ.

ڕوحێکی ئاوریشمیم لەناخدایە
لەگەڵ ئەم دووریە هەڵناکا
بەدەم ژانەوە
چرکە بەچرکەی تەمەن دەژاکێنێ.

لە مۆمێکی خۆنەویستی
ئومێدبەخش دەچم
بەسووتانی خۆی
ڕووناکیی ببەخشێ.

بۆ ئامێزێکی ئارام
زۆر بێ نەواو پڕ حەسرەتم
بۆ باوەشی تۆ و نیشتیمان
تاسەی عیشقم هەنگاو دەنێ.

# دووچڵە شیعری ناسك





عیسا حوسێن

## 1 ـ ڕازاندنەوە

گۆیژە لەپشتم وەستاوە و...
درەختەکانی دەباشانیش ئێشکگر
لە نێوانی من و تۆدا
هەناسە ئاوێزان و
پەپوولەی ماچ بەوەلەد دەبێ
شەو تا بەیانی لە جیاتی ئەستێرە
ئاسمانی (سلێمانی) مان
بە ماچ ڕازاندەوە


## 2 ـ شیعرێکی کەمئەندام

شیعرێکم وەکو شاخەوانێکی
سەرکێش
لەهەورازی خۆشەویستیت هەڵدێراو..
قاچی چەند وشەیەك و..
دەستی چەند حەرفێکی شکاو
خەیاڵیشی کاس و گێژبوو
دوای ماوەیەك
چاك بۆوە
ئێستا...
لە ناو هەموو شیعرەکانما
هەر ئەو دەشەلێ و
بۆتە کەمئەندامی سەنگەری عەشق ...

هەواڵنامەی کتێب

# خەمی ناسك





قەهار شێخانی

گەر هیچ خەمی دیکەم نەبێ و
مەینەتیش سەرم لێ نەدات
هێندەت خەم لا بەجێهێشتووم
هەتا مردن بەشم دەکات

***

من خەمی تۆم هەبێ بەسە
باکم بەخەمی تر نیە
بوونەتە هاوڕێی تەمەنم
ئیتر خەمی دیم بۆ چیە

***

خەمەکانیشت ناسکن
ئەوانیش هەر لەخۆت ئەچن
سنەوبەرین هەردەم سەوزن
لەلای من هەر ناسکە کچن


***

وەك ئەوسای خۆت بەر لەڕۆیشتن
عەترم پێدا ئەپڕژێنن
سەر بەسینگی نازم دەکەن
ترپەی دڵم بۆ دەژمێرن

***

وەکو ئەستێرەی گەڕیدەن
لێرەن, لەوێن, دەچن بۆ دێ
لەروحی خۆم خۆشتر دەوێن
چونکە بۆنی تۆیان لێ دێ

# چەند ژنانە تۆم خۆشدەوێت



دەریا هەڵەبجەیی

وەکو کچێک
سەرەتای عاشق بوونی بێت
کاتێک یەکەم نامە و دیاری
عەشقی بۆ دێت...
حەز دەکەم خۆم جوان بکەم و
بێم بتبینم
تۆش بە باوەشێک پێم بڵێیت
کە چەندە منت خۆش دەوێت..
وەک ژنێکی بێ سەوادیش
عاشق بووبێت
بە دزییەوە...
نازانم چۆن بۆت بنووسم
بیرت دەکەم..
ناچارم ناوەکەت سەد جار
لە ناو دڵما بڵێمەوە..

وەک پیرێکی دییە کزو
گوێ گرانیش
تامەزرۆم بۆ هاتنی تۆ
بۆڵەم دێ لەبەر خۆمەوە..
وا ئەزانم کەس نامبیستێ
بە دەنگی بەرز
هاوار ئەکەم
تا خێرا بێیت بە دەممەوە..
وەک دواساتی مەرگی ژنێک
تەنیایی وڕی کردبێت
چاو دەگێڕم
خواخوامە ڕۆحم دەرنەچێت..
تا تۆ دێیت و
ئەمانەتی ئەم ڕۆحەی من


لە باوەشتا ئارام بگرێت...
تەماشا من
چۆن عاشقتم
چەن ژنانە تۆم خۆش
دەوێت..
وەکو ئەوەی حەزی من بێت
پۆرترێتی ڕوخساری تۆ
کۆتا ڕەنگ بێت
لەسەر سنگی ئەم تەنیاییەم

هەواڵنامەی کتێب

هەڵبواسرێت..
من کچێکم
ڕەنگە ژنێک
ئەشێ پیرێک
بیرم دەچێت...
ئەوەی لە زاکیرەمدا دێ و دەچێت..
تەنیا سیما و
دەنگی ئەو پیاوە ڕەش پۆشە نەبێت
خۆشم دەوێت..
بۆ زاکیرەم دێم بە چۆکدا
ڕێگە نەدات بیرم بچێت...
دەزانم لە مەرگم دەچێت
دەمەو عەسرێ بەسەر تەنیاییمدا دەڕژێت
لە دەنگی پێ
ڕەنگی ژنێتیم دەگۆڕێت..
لە تاریکایی شەوێکدا
بێ ئەوەی سیمای ببینم دەستم دەگرێت..
دەیناسمەوە بێدەنگیش بێت
ئاخر هیچ کەس وەک من هاتنی ناناسێت..
ڕەنگە نەیەت
بیری بچێت..
ئەی کێ ناڵێت
هەر بە ئەنقەست خۆی دوا ناخات..
تا جارێ تر
چاوەڕوانیم لە تەمەنم
پیر تر بکات..
تەنیا بکات..
چاوەڕوانی عەشق دەکوژێت..
بۆ ژنێک نا
پرچی بە ئازار پیر بوو بێت..
بەسەر دڵی هەزار مردندا
کەوتبێت
هێشتا لەم گەمەی عەشقەدا
براوە بێت
ژنانە تر عاشق ببێت..
***

# وردە گلەیی





ئاری ئاغۆک

(١)

هیچ شتێ وەک خۆی نەماوە
زمانی تەکنەلۆژیا
خەریکە دەرگای قسەو دواندن
دادەخات!
بوغز و ئیرەیی مرۆڤەکان
خەریکە ماسکەکان ئاشکرادەکات!
هەموو شتێ گۆڕاوە هاورێ
باران لێمان تۆراوە و زەویش تووڕە!
چیتر درۆ و ڕووە بێ بەهاکان
بەئێمە پینە ناکرێ....نا.

(٢)

دەرمبێنە،،،،
لەوگیرفانانەی خالین لەسۆزو موحیبەت
رامبکێشە،،،،
لەو ململانێیانەی پڕن لەشەڕە قسە
مەهێلە بکەومە باوەشی غەریبان و
چاڵی غوربەت،
گەر بزریش بووم
دواجار....
لەدڵی منداڵێکی هەتیو و
لەزەینی پیاوێکی بەساڵاچوو
بمدۆزەوە.

(٣)

ئەو ژانە خەمەی
لەدیواری دەروون جێماوە
وەک کاغەزێکی لولدراو فڕێی دەدەمە
دەرەوەی دڵ
ئەو تابلۆ بێ هارمۆنیایەی
لە گەلەری زاکیرەم خۆی حەشارداوە
ئیدی سەراوژێری دەکەم
هەموو نیەتە باش و جوانەکان
دەخەمە سەبەتەی ئەوین و
چەشنی میوەی چوار وەرز
دەرخواردی منداڵە برسیەکانی
گەرەکە (ڕق و توڕە) کانی دەدەم
بەپێڵاوێکی تاکاو تاک
دەچمە سەرقەڵاتێ
تێر تێر ڕادەمێنم و
دواجار،،،،
بە ریتمێکی نەرمی دوورو درێژ
بانگی (یارۆ) یاخیەکان دەکەم.

(٤)

دونیا ئاوایە هاوڕێ
گەنجانێک بەماتۆری دلیڤەری
بە مووچەی ٤٠٠ هەزاری
لەڕێگەی کاسبی وەردەگەڕێن و ژیان
جێدێڵن،
گەنجانێکیش،،،،،
بەترومبێلی سەرووی ٤ دەفتەری
غرورانە کێبرکێ و سەرکێشی ژیان دەکەن
خۆیان و چەند کەسێک دەفەوتێنن
دنیا ئاوایە هاوڕێی تەمەن
هەر یەکەو بە جۆرێ ئۆغر دەکا
دونیا ئاوایە.... هاوڕێ.





# شیعری وەرگێڕدراو

# کورتەیەك لە ژیاننامەی

# شاعیر ئیڤان بۆلاند



* ئیڤان بۆلاند (1944–2020)ی ژنە شاعیری ئێرلەندی لە شاری (دەبلن - ئێرلەندا) لە دایکبووە.

* ئەو کچی دیپلۆماتێک و نیگارکێشێکی ئێرلەندی ناودار بووە.

* دوای تەواوکردنی زانکۆ لە (زمان و ئەدەبی ئینگلیزی)دا بە پلەی هەرەنایاب، لە خوێندن بەردەوام دەبێت دکتۆرا لە بواری ئەدەبیاتدا وەردەگرێت، دواتر دەبێتە پرۆفیسۆری بواری (نووسینی داهێنەرانە) لە چەندین زانکۆی ئێرلەندی و جیهانییدا.

* بە درێژایی ماوەی کارەکانی ئەو وەکو دەنگی ژنێکی هەرە لەپێشەوەی ئەدەبی ئێرلەندی دەرکەوتووە.

*شیعرەکانی (ئیڤان بۆڵەند) لەبارەی ژیانی خێزانی، ئەفسانە، خۆشەویستی، مێژوو و دیمەنی جوانی گوندەکانی ئێرلەندان.


*چەندین کۆمەڵە شیعری نایابی چاپکردووە و دەیان خەڵاتی ئێرلەندی و

جیهانی لە بواری شیعرنووسیندا پێبەخشراوە.

* شیعری (وڵاتی ون) ناونیشانی دیوانێکی شیعرییەتی و هەروەها ناونیشانی یەکێک لە شیعرە هەرە بەناوبانگەکانیەتی.

---

# وڵاتی ون



**شیعری: ئیڤان بۆڵاند**

**پ.د. ئازاد حەمە شەریف لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی**

هەواڵنامەی کتێب

من دوو کیژۆڵەم هەن.

...

ئەوان هەموو ئەوە بوون من لە زەویم دەویست.

...

یان نزیکەی هەر هەموو.

...

من پارچەیەك زەویشم دەویست:

...

شارێکی ناوگردان. ڕووبارێکی شار ئاسایی.

دورگەیەکی ناو ژینگەکەی.

...

تاکو بڵێم ئەوە هی منە. هی خۆمە.

خۆ ئەوەشم بەڕاستییە.

...

ئێستا ئەوان گەورە بووینە و لێم دوورن

...

خودی بیرەوەری

لێم بۆتە کۆچبەرێك،

لە شوێنێکدا دەسوڕێتەوە



کەوا خۆشەویستی خۆی لەناو دیمەنی
سروشتی دەرخستۆتەوە:
...
لەوێ گردەکان
ڕەنگی چاوی منداڵێکن،
منداڵەکانم لەو جێگەیەوە دوورن، ئاسۆن:
...
لە شەودا،
لەسەر لێواری خەوتندا
...
من کەناری (ئاودڕی دەبلن)،
لێژاییە بەردینەکە و پێڕەوکە گرانێتییەکەی
دەبینم.
...
من دەڵێم، ئەرێ دەبێ
ئەوانیش هەر وایان دیبێت،
وەختی گزنگ، ئەو دەمەی لە پشتەوەی
بەلەمی پۆستەدا بوون،
...
ئەوساتەی سێبەری ئەوان دەکەوتە سەر
هەرشتێك ئەوان دەبوایە جێی بهێڵن؟
ئەو شتانەی هەتا هەتایە خۆشیان ویستوون؟
جا دواتر
...

من وا خەیاڵ دەکەم
لەکن پەرژینەکەی ڕووەو وشکانی بەلەمەکەمدا
بەدوای دوایین دیمەنی دەستێکدا دەگەڕێم.
...
من خۆم دەبینم
وا لەسەر ڕووی دنیای بنەوەی ئەو ئاوەدام،
تاریکییەکە خێرا دێت و هەموو ناوەکانی
وڵاتە ونەکە کەوا من دەیزانم، ئەو دەیبێژێت:
...
ئێرلەندا. نادیاری. کیژۆڵە.

---

سەرچاوەی ئەم شیعرە:
Eavan Boland, The Lost Land (W. W.
(Norton and Company Inc., 1998

هەواڵنامەی کتێب



# سیفرا نژیاریێ

شیعر: ئەمەل دونقل
وەرگێرانی: عارف حیتۆ

(ئیسحاحا ئێکێ (١))
ل دەستپێکێ ئەز زەلامەك و.. ژنەك، ئو دارەك بووم
ئەز بابەك و.. کوڕەك، ئو گیانەك پیرۆز بووم
ئەز سپێدە و.. ئێڤار بووم..
ئو بیبیتکا گرۆڤرا نەلڤ بووم
**
عەرشێ من ل بەر لێڤا ڕووباری فەرشەك بوو
بزن دچەرین و هەنگ ل دۆر گولان دڤزڤزین..
قاز دناڤ گۆلا متییێدا د ئاڤبازین (٢)
ئو ژیان ژی.. مینا ئاشەکێ دوور- ترپا لێددەت!
دەمێ من دیتی کو وێ هەمیا دبینم
دلی ژ بێزارییێ ڤەنا کەت
... ... ...



(د روونشتنا من یا ب تنێ و ئێکانە یا
دناڤ چقێن ئەوان دارێن تێگالیایدا
شەڕە دیکل دەمبۆرینا ئێکانە بوو!)
(ئیسحاحا دووێ)
من گۆتە خوە: گەر ئاڤ هاتبا و.. هاتبا شووشتن.. دا دابەشبیت
(گەر دابەش ببا.. دا جووتبیت و.. دا گرنژیت)
ئو پشتی من خوە شووشتی..
گولان هیزارەك ژ گەرما لێڤان ڕست و
من جەستێ خوە، یێ شەلەژان و ڕەجفیی پێ

داپۆشی

(عەرشێ من ب سەر ئاڤێ کەتبوو.. وەك بەلەمێ)

چووچکەك ل سەر سەرێ من فڕی و دادا.. دا

خوە ژ تەڕیێ داقوتیت

من ل کووریا ئاڤێ دنێڕی

ماوەر دکرێ.. ئەوا من ددیت

دێمێ من بوو.. ب تانجێ ستریان بارکری!

(ئیسحاحا سێ)

من گۆت: بلا ل سەر عەردی، ئەڤینی بیت..

وەلێ نەبوو!

من گۆت: بلا ڕووبار د دەریایێدا ببهوژیت..

دەریا د عەوراندا..

عەور د هشکاتییێدا.. هشکاتی د بڕشتییێدا شین

دکەت

ئەوی نانێ دلێ برسییان ڕادگریت.. ئو گیای

ژبۆ پەزێ

عەردی و.. سیبەرەکێ ژبۆ هەر کەسێ د بیابانا

خەمگینییێدا

هاڤێ دبیت

ئو من کوڕێ ئادەمی دیت- یێ پەرجانێن

خوە ل دۆر مێرگا

خودێ دادنیت، پاسەوانان ژ دەردۆرا خوە

دکڕیت و.. نانی و ئاڤێ


دفرۆشیتە برایێن خوە.. چێلێن لەنگەر ددۆشیت

دا شیری بدەن.



هەواڵنامەی کتێب

من گۆت: بلا ل سەر عەردی، ئەڤینی بیت..
وەلێ نەبوو!
ئەڤینی یا بوویە مولکێ هەر کەسەکێ نرخێ وێ
هەی
... ... ...
ئو خودای ئەو ب نەباشی دیت!
**
من گۆت: بلا ل سەر عەردی، دادی بیت..
چاڤ ب چاڤی و ددان ل هەمبەر ددانی
من گۆت: ما گورگەك گورگەکی دخۆت.. یان
ژی بزنەك بزنەکێ دخۆت؟
قەت شمشیری نەدانە سەر حەفکا دووان:
زارۆکی و.. پیرەکێ کالْ
ئو من کوڕێ ئادەمی دیت، پێ کوڕێ ئادەمی
دکوژیت.. پێ ئاگری
بەرددەتە شاران.. خەنجەرا خوە د زکێن
دوجاندا دبەتە خوار
تبلێن زارۆکێن خوە، وەك ئالْیك دهاڤێژتە بەر
هەسپان.. لێڤان دبڕیت،
دکەتە گولێن خەملا مێزا سەرکەفتنێ.. ئەو یا
دنالْیت




دادی یا بوویە مرن و.. تەرازوویا وێ تفەنگە..
کوڕێن وێ ل مەیدانان
خاچدانیە یان، ل کوژی یێن باژێڕان
سێدارەدانیە
من گۆت: بلا ل سەر عەردی، دادی بیت،
وەلێ نەبوو
دادی یا بوویە مولکێ وان، یێن ل سەر عەرشێ
قەرقوودەیان
ب تەیلەسانێ (٣)- جانگی ڕوونشتین
... ... ...


ئو خودای ئەو ب نەباشی دیت!

... ... ...

من گۆت: بلا ل سەر عەردی، عەقل بیت..
گوهداریا دەنگێ هەڤسەنگێ وی بهێتە کرن
من گۆت: ئەرێ ما چووچك هێلینکێن خوە
د دەڤێ ماریدا ددانن،
ئەرێ ما کرم دناڤ گوڕیا ئاگریدا
ڤەدحەوینن.. ئەرێ ما کوند
کلی د چاڤێن خوە دوەرینیت.. ئەرێ ما
خویێ دهێتە چاندن
ژبۆ ئەوێ دگەل وەرگەڕانا زەمانی گەنم بڤێت
ئو من کوڕێ ئادەمی دیت یێ شێت دبیت..
دارێن درێژبوویێ ب ڕەهڤە هەلدکێشیت..
تف دکەتە ناڤ ئاڤا بیرێ.. زەیتێ ل ڕوویێ
ڕووباری دکەت..
د ماڵڤە دژیت و.. ل بن دەرگەهی، بومبەیا
مرنێ ڤەدشێریت
دوپیشکان ل ناڤ گەرمیا پەراسوویێن خوە
دحەوینیت..
ئو دینێ خوە.. ناڤێ خوە و.. کراسێ فتنە یێن
خوە،
ژ بۆ زاڕۆکێن خوە دهێلیت
عەقل یێ هاڤیبووی خازۆکیێ دکەت.. زاڕۆك
بەران
تێوەر دکەن.. ل سەر توخیبی، سەرباز ڕادوەستین
و حکومەت
ناسنامەیا نیشتمانیێ ژێ دستینن.. ئو دکەنە د لیستا
ناڤێن
وان کەساندا، یێ کەرب ژ وەلاتێ خوە ڤەدبن
من گۆت: بلا ل سەر عەردی، عەقل بیت،



وەلێ نەبوو
عەقل کەفتە د جغزا نەفیێ و زیندانێدا.. دا شێت ببیت
... ... ...
ئو خودای ئەو ب نەباشی دیت!
(ئیسحاحا چوارێ)
من گۆت: بلا با ل سەر عەردی.. ڤێ گەنیبوونێ ڤەماڵیت
من گۆت: بلا خوین و با بیت.. با خشخشا بەلگێن هشکێن
ب دارێڤە ماین قوت دکەت.. هەتا ڕەهان خوین دهەلاڤێت
ئەڤجا تافیل دکەت و شین دکەت، پاشی بەرز دبیتە
بازاڕی.. بەلگێن تێکئاڵیایی و، بەرهەمێ ب دارێڤە شۆر بووی..
گڤێشوەر دگڤێشن مەیەك ژێ دهێت د هەر دەنیدا ب تلیلییە
من گۆت: بلا خوین ڕووبارەك هنگڤینی بیت ژ بن بەهەشتێن عەدەن بڕژێت
ئەڤ عەردە جوانەکە.. خەملا وێ هەژارن..
خوە ژبەر وان خۆش دکە..
ئەڤینیێ ددەنێ.. ئەو ژی نفشی و کوبارییێ ددەتێ
من گۆت: زەنگین ل سەر ناژین. ئەو زەنگینێن پارێن زنایێ..
گەواهرێن تانجی و گوهارکێن عاجی.. ئو تزبی یێن دوڕوویاتیێ
.. ژ خوها کرێچییان درێسن
ئەز ژ هەژارێن ئێکێمە ئەوێن هاڤیبوویی دژین..
دمرن و هەڤسۆزیێ ل دەف من قەتیس دکەن
من گۆت: بلا عەر بۆ من بیت.. ئو بۆ وان ژی!
(ئەز ژی دناڤ واندا)
هەکو کراسێ ئاسمانی ژبەر خوە دکەم



ئەز د - ڤێژیا برسێدا- ل سەر وێ نەهلیکا

زڤر، پیرۆز دبم!

(ئیسحاحا پێنجێ)

من ب کووری ل کەڤری نێری و.. ل کانیێ

من دیمێ خوە د ساخلەتێن برسێدا دیت!

ماوەر کرە ئەنیا خوە یا بەرەڤاژ بووی

پێ خوە دبینم: خاچ و ل خاچدای

من هاوارکر- ژ مالبچویکێ کارەساتێ د

دەردکەفتم

من هاوارکر.. بێگونەهیێ دخوازم

هەبوونا من: سێدارەیا منە

ئو پەتا نافکا من:

پەتا وێ یا

بڕییە!

***


پەراوێز:

١- ئیسحاح: ب ڕامانا پاقژکرن و تافیلکرن و ڕاستڤەکرنێ دهێت. لێ د تەورات و ئینجیلێدا ب رامانا پشکەك ژ کتێبێ دهێت، کێمترە ژ سیفرێ و پترە ژ پشکەکێ. کتێبا پیرۆز ژ کۆمەکا سیفران و هەر سیفرەك ژ کۆمەکا ئیسحاحان و هەر ئیسحاحەك ژ کۆمەکا ئایەتان پێك دهێت. هەرچەندە د وەرگێڕانا کوردییا هەردو کتێبێن پیرۆزدا سیفر کرییە پەرتۆك و ئیسحاح کرییە پشك، لێ چونکو شاعری وەکو مەجاز وەرگرتینە، لەوا مە سیفر و ئیسحاح وەکو خوە هێلان. هەرووەسا مە نژیار بۆ (تکوین) ئینایە کو مەرەم پێ دەستپێك و چێبوونە، د وەرگێڕانا کوردیدا ب "پەرتۆکا دەستپێکرنێ" هاتییە.

٢- ئاڤبازین: ب سەر ئاڤێ دکەڤیت، یگفو. ژ فەرهەنگەکا ئونلاین هاتییە وەرگرتن


٣- تەیلەسان: ئانکو شالێ، رەنگێ وێ پێ کەسکە، هندەك شێخ و زانایێن ئایینی ددانە سەر ملێن خوە. لێ ل دەف جهوویان جلکەکێ ئاییردەیێن ئایینییە، د دەمێ نڤێژێدا دکەنە بەر خوە. لێ ل دەف جهوویێن ئەرتۆدێکس یان حیریدیم د ژیانا ڕۆژانەدا ژی دکەنە بەر خوە.


هەوالنامەی کتێب



ئەمەل: دونقل ناڤێ وی (محمد أمل فهيم أبو القسام محارب دنقل)ە، شاعرەکێ میسرییێ نووخواز و ناڤدارە، ل سالا (١٩٤٠)یێ، ژ دایکبوویە و ل سالا (١٩٨٣)یێ، چوویە بەر دلوڤانییا خودێ. شەش کۆمەلە شعر ل دویف خوە هێلاینە (البكاو بين يدى زرقاو اليمامه. بيروت- ١٩٦٩، تعليق على ما حدث. بيروت- ١٩٧١، مقتل القمر. بيروت- ١٩٧٤، العهد الآتى. بيروت- ١٩٧٥، أقوال جديده عن حرب البسوس. القاهره- ١٩٨٣، أوراق الغرفه (٨). القاهره- ١٩٨٣). پشتی مرنا وی، گەلەک جاران کۆبەرهەمێ شعرێن وی ب ناڤێ دیوانا ئەمەل دونقل هاتینە چاپکرن. ئەڤ شعره (سفر التكوين. ديوان (العهد الآتى). الأعمال الكامله، دار الشروق، گ٢- ٢٠١٢، ص٢٦٣- ٢٧٠)، هاتییە وەرگرتن.

# سەرزەنشتم مەکە





**شیعری: د.ساکار مودەڕیس**
**وەرگێڕانی/ لە عەرەبییەوە بۆ کوردی باخەوان**

هەواڵنامەی کتێب

وشەکانم،بە زۆر لە دەسەڵاتی پێنووس ڕادەکەن
بۆ ئەوەی لە باخی خولیات بخۆن وبخۆنەوە
دەستەواژەی یاخیی و شێتانە بەرهەم دێنن
لە سوننەتی شیعر و سەروا کانی
**سەرزەنشتم مەکە
هەورەکانی چارەنووسم ئاوارەیان کردم و
تێپەڕین
بۆ ئەوەی خۆم بدۆزمەوە
لە ژێرسایەی درەختێك، کە ناوی (تۆ) یە
دەسرەوێم..

پەنا بۆ کەزییە هەڵواسراوەکان و
سێبەری گومبەتە فراوانەکانی دەبەم
لە تۆ دا، بوونم، چیرۆکم، گۆرانی و هۆزانەکانم
تەواو کردەوە
**سەرزەنشتم مەکە
لەوەتەی تۆم ناسیووە
دوێنێ، ئێستا و سبەینێ خۆمم جێهێشتوون
بەندیخانەی ئەڤینداریی و
زیندانی شەیدایم بەدڵبوون
ئەو شوێن و سەردەمانە گەمارۆیاندام
کە ئێمەیان پێکەوە کۆدەکردەوە

دڵم دووچاری هەڵگرتنی
میدالیای هاوسۆزیی بوو بۆ تۆ

**سەرزەنشتم مەکە
لەگەڵ تۆدا
شتێك لە ئاسوودەیی دزەی کردە نێو گیانم
تەنانەت، مێژووی خۆم و
دڵشادیی ڕەنگە پەمەییەکانم، بۆ تۆ باسکردن
نان و جام و سێبەری درێژخایەنی خۆم، لەگەڵ
تۆ دابەشکرد
تۆم خۆشدەوێت..وەك پەرتووکەکانم
وەك چەشنی خۆشەویستیی ژنێکی ڕۆژهەلاتی
بۆ ئازادی
**سەرزەنشتم مەکە
هێشتا...
سۆز و پارچەکانی دڵم
لە نێوان گۆشەی پەرتووکەکانت کەڵەکە بوون
دوو برۆی گرژ و،
دڵێکی بەردین و ڕووبارێك لە شکۆ
لەسەر تاقی دڵی شکاوم نەخشێنراون

هێشتا، بریسکەی تارماییەکەت
ڕاوەدووی شەوی ئەنگوستەچاوم دەنێت
زایەڵەی دەنگت
ئارامیی فریودەرانەم دادەماڵێت
**سەرەنشتم مەکە
لە بیردانکی ڕۆژەکانم
هەزار و چوارسەد و چل گوڵم بۆ تۆ هەن
هەموو ڕۆژێك گوڵێك لە چڵی تەمەنم
دەکەمەوە
بۆ دروستکردنی شکۆمەندییەکانت!
تۆ ئاواتێك بوویت
لە پێناو بەرگریی لێکردنی
سوپایەکم لە وەفاداریی بۆی سازکرد
دوای بێنەوبەردەی نێوانمان،
جەنگەکە کۆتایی هات
تابووتی ئاواتەکانیشم
با لە دوامەنزڵگەی خۆی بسرەوێت
**سەرزەنشتم مەکە
ئەگەر فرمێسك لە نێوان گۆی چاوەکانم
ڕژایە ناو برژانگەکانم



ئەگەر، لەسەر وێرانەی هەستە کوژراوەکان
خەوتم
ئەوا من دژبەرم!!
ئازارەکانم بە ئاوازی شادیی سەما دەکەن
خۆشیم لەسەر ژێی نەبوونی تۆ دەگرییێت
**سەرزەنشتم مەکە
کێ، لۆمەی خوێنبەربوونی برینێکی وەك ڕژانی
گڕکانەکان دەکات؟
کێ، لۆمەی گۆڕی ئاواتێك دەکات، کە
پیادەی سەر زەوییە؟
سەرزەنشتم مەکە، ئەگەر ڕێگەمدا کرمی
خەفەت
وردە وردە جەستەم بڕزێنێت
بۆ مۆمیایی ئافرەتێکی شکۆدار
هیچ دڵنەواییەك نییە..
هیچ دڵنەواییەك نییە..

# ئاگاداری

شعر: غربە قنبر
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: بورهان بەرزنجی



زنۆقت نەچێ کە بڵێسەی ئاگر لە جەستەم
دێتە دەرێ
مەترسە لە پرۆشکەی خۆشەویستی،
لەوانەیە ساردی کەش و هەوا وا
دەریخستووم
لەوانەیە شەختەی کەڵەکەبووی دەوروبەرم
لە ناخمدا گڕیگرتبێ
گوێ مەدە بە پشکۆ گڕدارەکان
بەرهەمی ساڵانی ڕابووردوون
وەك ئەژدیها بڵێسەی گڕ لە زارم دەردەچێ
چەند تەماشات دەکەم
لە دەرگەی دواوەوە خۆی دەدزێتەوە
پۆلێ لە باڵندەی فینیق
لە خۆڵەمێشەوە دەردەچێ
ئافرەتێکم من
عیشقی ئاگرم
بۆ ئانوو ساتێکی کەم ئاگرم بینی
لەوانەیە هەناسە دەرچووەکانم
بخووڕی بە سییەنەمدا هێنا
لە کوونی کاتێکەوە دەردەچێ
ژنێکم لە گڕ
لە خۆڵەمێش ترسم نییە
چاوەکانم پرۆشکەی ئاگریان لێ دەردەچێ
دەستەکانم کەلەبچەکراون
دڵم پرۆشکەیە ئاگرە
نەکوژاوەتەوە جارێ
لەوانەیە
چون من
کچی شاری ئاگرە هەتاهەتاییەکەم

***


ـ کەرکوك 2025

# گەڕانەوەیەك
## بۆ ژوانی شیعری كلاسیك

# هەتوان



ناسری حیسامی



ڕۆژێك بە لوتفی زۆرەوە، دێ و بە دڵ جوانم دەكەی
ڕۆژێك بە مەیلی سەردەوە پیر و پەرێشانم دەكەی

سەد خۆزگە داوێمە دڵم، سەد دانە داوێمە گڵم
تا دێ ئومێدێك گوڵ بكا، ئاگر لە خەرمانم دەكەی

وەك بەفری كوێستانی بڵیند، نێوان تەموژ بوو پەنام
وەك بای شەماڵ لێم هەڵدەكەی، دێ و لە كوێستانم دەكەی

دیتووتە خۆ جارێك نەبوو دڕكێك لە پەنجەم ڕانەچێ
سیحرێك لەوەیدا هەر هەیە فێری گوڵستانم دەكەی

دیدەم بە ئەسرین لێڵ بووە، تاپۆی خەیاڵم تێك دەچێ
سەد ڕەنگی شۆخ دێنی و دەبەی فێڵێك لە چاوانم دەكەی

گۆرانییەك بوو، پێشكەیەك ڕۆژێك لە بن گوێچكەم گوتی
تۆ كورد نەبی نەتیبستووە، چۆن فامی حەیرانم دەكەی

وەك داری چاك و پیر پەڕۆی سەد ڕاز و نیازم پێوەیە
ڕۆژێك پەڕۆیەك دادڕی، بەو دەستە دەرمانم دەكەی

٢٣/١١/٢٠٢٤

هەواڵنامەی کتێب



# کۆیله



تۆ سینەم بەجێدێڵی نەتێر سەیرت دەبن چاوم
دەبێ کۆیلەی خەمی تۆ بن دڵ و دیدەم هەتا ماوم

گەلێك هەوڵم لەگەڵ خۆمدا لە بیرت بەرمەوە ئەمما
نەمێشکم یارمەتیدەر بوو نەهێزی پێ بوو پاساوم

دەبێ ناوێنەیەك بێنم منی پێشتر نەدیبێ تـــا
ئەویش لۆمەم نەکا چیتر لەسەر ڕووخساری شێواوم

بەڵێنم دابوو تا ماوم بە لای ئەو شۆخە ڕانەبـــرم
کەچی دوێنێ لەناکاوێ لەمن یـاخی بوو هەنگاوم



حەسەن دانیشفەڕ

دڵ و دیدە و خەیاڵی من بەرەی عیشق و ئەویندارین
لەگەڵ ئاوەز لە شەڕدان و منیش لەو بەینە تێ ماوم

هەموو عومرم لە ڕێی عیشق و وەفادا کردە قوربانی
کەچی ئێستا دەزانم بۆ لەخەڵك و خۆم بەجێ ماوم


شەوێ دی تا درەنگانێك تەمەن لۆمەی خەیاڵی کرد
کە بۆچی تاوێ نانۆڕێ لە داری بەژنی ژاکاوم

خەیاڵیش هات بە ئەسپایی لەبن گوێمدا گوتی (هێور)
دڵم چۆن بێ بەجێی بێڵم کە ئەو ئیلهامی پێداوم

هەواڵنامەی کتێب



# شاربەدەر



خەمی ئاوارەیی خۆمم خستە جانتایەك و ڕۆییم
ئەم چیرۆكەم چپاندە گوێی كڕی شەوبایەك و ڕۆییم

ئێوارەیەك لەگەڵ ئێش و ژان و خەما لەدایك بووم
گریانی خۆم خستە دووتوێی سڕی سەودایەك و ڕۆییم

نیشتیمانم لە نێو دڵ و شیعرەكانما حەشار دابوو
دڵیشم دایە دەست پێلی چڕی دەریایەك و ڕۆییم



ڕەسوڵ سوڵتانی

هەور هەور باریمە سەر ئەو پێدەشتە تۆزاوییە
تا شکاندم تاسەی دڵی سیسی گیایەك و ڕۆییم

هەقایەتی پەشیمانیم لە سەنگەر و چیا دەبیست
گریام لەگەڵ بەرد بە بەردی شاخ و چیایەك و ڕۆییم

چاوم لێك مۆڕ دەبوونەوە و پەنجەکانم لێك ڕادەسان
حەزەکانم ناشت و ئیتر نەمما تەمایەك و ڕۆییم

ئەو کاروانە ڕێبوارکوژەی گای بنە سەرقەتاری بوو
زانیم دەمخاتە نێو گەرووی سووری حەزیایەك و ڕۆییم

نە باوەڕم بە ئەستێرە و مانگە، نە تیشکی خۆرەتاو
وا بوومە دوا ترووسکایی کزی چرایەك و ڕۆییم


هەواڵنامەی کتێب



# شکۆفە




لە سوبحی دەم دا گوڵی ئاڵ شکۆفەی دا دەم بە یانی
لە دەریای خەم و خەیاڵا نغرۆ بووم بۆ دوو بە یانی
قەدوباڵای سوورە چنار، شنەی بەیان دەیلاوێنێ
بە نەغمەی پێنان بە ئەرزا، غوربەتی ژین دەتارێنێ
دەڵێی کاراسکی هەڵوەدای، دەشتی غەریبی تەمەنە
چاودەگێڕێ ، لەنجە دە کا، لە سەوزەگیای ئەم چەمەنە
بە جونبوشی دڵ دەلەرزێ، لە دووجەیلی خەمی منا
دەهرێکە وام لە دەربارا، نوێژو تاعە ت بوونە سە نا
خودایە تۆ رۆژی جە زا، حسابم بە ڕەقیب نەکەی
لە زومرەی زیڕۆحی خۆتا، بە دەردی سەنعانم نەبەی



محەمەد کەساس

# تۆ مەڕۆ




شیبا مەریوانی

من بەرەو ئاسمانی حوسنت بەرزە ناڵەم، تۆ مەڕۆ
ڕوو لە دەروازەی ئەوینی ئەو جەماڵەم تۆ مەڕۆ
چەن دەکەم سەیری چڕۆی داری هەنار، ڕەنگی دڵە
شێتی جادوی جوانی چاوی ئەو عەودالەم،تۆ مەڕۆ
شەسپەڕی گوڵدانی دڵی سەوزو و جوان و پڕ لە بۆ
تاکو کاتێ دڵ دەوەستێ ڕوو هەڵاڵەم،تۆ مەڕۆ
سێبەری باڵای وجودت تێکەڵی باڵام بووە
گیان بە فیدایی نازی خەندەت بێ قەباڵەم،تۆ مەڕۆ
ئەشکی سورم ڕێژنە باران دای لە تاو پیاڵەی دڵم
ئێستخارەم دا لە بەختم بەرزە باڵام، تۆ مەڕو
با شەرابی لێو بنۆشم پێ بچم تا عەرشی ئەو
سەر لە سەر فەڕشی ئەوینم من گوڵاڵەم تۆ مەڕۆ
شیرین و لەیل وشەم و زین بێ شکۆ ماون لە لام
بوینە خوێنی ناو دەمارم من نەهاڵەم تۆ مەڕۆ
قەت مەڵێ شیبا لەبەرچی سووتان و مەشقی دەوێ
من بە سووتان جاویدانی ئەو کەماڵەم تۆ مەڕۆ

**25/8/2021**

# دیواری یاخیبوون





عەبدوڵلا تاهیر عومەر

ئەی گوڵی ئاڵ، بوو بەچەند ساڵ، ژینی من خەونە وخەیاڵ؟
هەر بە ئاواتی نزیکیت شێت و شەیدام دیدە کاڵ
خۆشەویستم.. بەسییە تا کەی, ڕوو لەلای من لا دەدەی؟
دوای تەمەن ،دوای خۆشەویستی، چی لە من داوا دەکەی؟
گیانە ئاخۆ کەی ئەوینت چەشنی بورکان ڕاپەڕێ؟
چاوەڕێم بۆ ئەو تەقینە بەند و دیوار لا بەرێ؟
چونکە ئاگاداری دڵتم ، بۆ دڵم ئاوێنەیە
چاو ڕووناکی تیشکە کەی ئەو هەستە دڵ تاوێنەیە

هەست و سۆزی خۆشەویستی وا لە ڕووی تۆ بوو عەیان

هەر وەکو مرواری ئاونگ بێ ، لە ڕووی گوڵ دەم بەیان

هەڵسو کەوتی خۆشەویستی دیارە لێت مەیشارەوە

دڵ دەزانێ چی هەیە لەو دیوی ئەم دیوارەوە

خۆشەویستیت هێزی بیرە و هۆیە بۆ پێشکەوتنی

شاخی بەرزی گەر هەبێ ئەو ڕێیە بۆ سەرکەوتنی

جوانی تۆ وەك خۆرەتاوە بۆ دڵەی تاریکی من

چاوەکانت تاقە پرشنگن بۆ ڕێی باریکی من

من بە تۆوە حەز بە ژینی سەختی پڕ ئازار دەکەم

هەر بە تۆوە بیر لە ئێستا و دوو سبە و پێرار دەکەم

دڵنیابە من لە عەشقت کفرە دەستبەردار بێم

گەرچی سەد هێندەش گرفتاری خەم و ئازار ببم

8/7/1983 سوڵتانەدێ / قەڵادزێ



# ژانی شیعر



ئەمشەو تا سەحەر قەزا بوو ، ئەستێرەکان کوژانەوە
تا کاروانکوژە دەرکەوت و کوڵی کانی گەشانەوە
خونچە بۆ بوڵبول پێکەنی ،زەردە لوتکەی شاخی تەنی
چاوەکانم ئێشکچی بوون، بەدیار دەفری ئاسمانەوە
تك تك ئەشکم دەباراندن ، پەژارەم هەڵدەوەراندن
ساتێك نەبوو دڵم نەگری ، بەدەست خەم و کۆژانەوە
بێزار لە هەرچی هەمانە ، بە چەشنی مامە خەمانە
جەستەم ڕادەژا وەك ساوا بەسەر پشتی جۆلانەوە
هێندە بەجۆش و خرۆش بوو ، ئاوازی ڕووبابی دڵم



حاجی کارۆخ هێرۆیی

کەژ و کێو دەزرنگانەوە ، دۆڵ و لێڕ دەنگیان دانەوە
تۆز و غووباری غەریبی، شەشدەری هەستی تەنیبووم
کۆتری خەیاڵم تەرە بوو ، بە نێو دەشت و دەرانەوە
کوێرەکانی ئیلهام تـەقی ژانی شیعرم لێ گەرمبوون
پوورەی هەنگی وشە لەسەر گۆنای خامەم گیرسانەوە
کۆرپە شیعرێك بەنازەوە کەوتە کۆشی تیانووسەکەم
پـەری هـەڵبەست نـاوی لێنا ، بــە نـاوی نیشتمانەوە

هەواڵنامەی کتێب





# لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی

# کتێب

# خوێندنەوەی شیعرێک..

## گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵگا لە کاتی شەڕدا





ئیسماعیل بادی

قوبادی جەلیزادە، شاعیرێکی هەست ناسک و خاوەن فەرهەنگێکی زمانەوانی بەرفراوان، توانیوویەتی لەم شیعرەدا لەسەر گرنگترین کێشەی کۆمەڵایەتی بدوێت. ئێمەش بەپێی ژیری دەستکرد توانیمان ئەم شرۆڤەی خوارەوە لەسەر شیعرەکە ئەنجام بدەین:

دەق:

قوبادی جەلیزادە

کە شەڕ کوێرایی داهات
لەدەرگا مەدە، کەس لەماڵ نییە هەمووما‌ن
چووین بۆ شەڕ
کوڕەکەم سەنگەر لێ دەدا
ژنەکەم چێشت لێ دەنێ
من پەنجەم لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگە
کەس لە ماڵ نییە
کچەکەم برینەکەم دەپێچێ
کوڕەکەم مەخزەن پڕ دەکاتەوە لە فیشک
ژنەکەم تەقە دەکات
هەمووما‌ن چوین بۆ شەڕ
کوڕەکەم بە دووربین دەڕوانێتە شەڕگە
کچەکەمپەنجەی لەسەر پەلاپیتکەیە
ژنەکەم مەتارەپڕ دەکا لە ئاو
هەمووما‌ن چووین بۆ شەڕ
لوولەی تفەنگەی لەسەر لێواری سەنگەرە-
کچەکەم
برینداریێک دەگوازێتەوە- ژنەکەم
نارنجۆکێک دوور هەڵدەدات- کوڕەکەم
کە شەڕ کوێرایی داهات وەرە و جارێکی دی
لە دەرگا بدەوە
ڕەنگە ئەم جارەش کەس دەرگات لێنەکاتەوە!؟

شرۆڤە:

ئەم هەڵبەستە بە شێوەیەکی قووڵ باسی کاریگەریی شەڕ لەسەر بنەماڵەیەک دەکات، لە ڕێگەی کەشێکی هێما ئامێز و ڕاستەوخۆوە.

شرۆڤەی شیعرەکە:

"کاتێک شەڕ هەموو شتێک داگیر دەکات"
ئەم هەڵبەستەی قوبادی جەلیزادە وێنەیەکی کاریگەر و ڕاستەقینە لەسەر چۆنیەتی گۆڕانی ڕۆڵی هەموو ئەندامانی بنەماڵەیەک پێشکەش دەکات کاتێک شەڕ دێتە ناو ژیانیان.
دەستپێکی هەڵبەستەکە ڕاستەوخۆ و کاریگەرە:
"کە شەڕ کوێرایی داهات / لە دەرگا مەدە، کەس لە ماڵ نییە هەمووما‌ن چووین بۆ شەڕ". ئەم دەستپێکە دوو ئاستی واتایی لەخۆ دەگرێت: یەکەم: کوێرایی وەکو نەخۆشییێک کە شەڕ بڵاوی دەکاتەوە، کە ئاماژەیە بۆ

کوێربوونی چاوی ویژدان و لەناوچوونی بەهاکانی ئاشتی. دووەم: ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەموو ئەندامانی بنەماڵەکە بە جەستە یان بە فیکر لە شەڕدان، واتە ماڵ چۆڵە لە ئارامی.

شاعیر ڕۆڵی هەر ئەندامێکی بنەماڵەکە بە وردی وێنا دەکات:

**باوک: "من پەنجەم لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگە" - ڕۆڵی سەربازی ڕاستەوخۆی هەیە.**

**کوڕ: سەنگەر دروست دەکات، مەخزەن پڕ دەکات، بە دووربین چاودێری دەکات، نارنجۆک فڕێ دەدات.**

**کچ: برینی باوک دەپێچێت، چەک بەکاردێنێت.**

ژن: چێشت ئامادە دەکات بۆ سەربازان، تەقە دەکات، بریندارەکان دەگوازێتەوە.

دووبارەبوونەوەی ڕستەی "هەموومان چووین بۆ شەڕ" ڕیتمێکی تایبەت بە شیعرەکە دەبەخشێت و جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە شەڕ کەس بەدەر ناکات، هەموو کەس بەشدار دەبێت، تەنانەت ئەوانەش کە جەستەیان لە بەرەکانی شەڕ نین.

کۆتایی هەڵبەستەکە،"کە شەڕ کوێرایی داهات وەرە و جارێکی دی لە دەرگا بدەوە / ڕەنگە ئەم جارەش کەس دەرگات لێنەکاتەوە!؟" خوێنەر هان دەدات بیر لە کاریگەریی شەڕ بکاتەوە. ئەم پەیامە ئاماژەیە بۆ چەند لایەنێک:

١- شەڕ تواناکان و هەستەکان دەدزێت، کەس نامێنێت دەرگا بکاتەوە.

٢- لەوانەیە ئەندامانی بنەماڵەکە لە ژیاندا نەمێنن.

٣- ماڵ وەک چەمکێکی ئارامی و پەناگە نامێنێت.

ئەم هەڵبەستە بە شێوەیەکی هونەری باس لە چەمکی گەورەتر دەکات، ئەویش چۆنیەتی گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵگا لە کاتی شەڕدا، چۆن ڕۆڵەکان دەگۆڕێن، منداڵان پێش وەخت پێدەگەن، چۆن شەڕ سنووری نێوان بەرەی شەڕ و ماڵەوە دەسڕێتەوە. لە کۆتاییدا، هەڵبەستەکە داوامان لێدەکات بیر لە بێهوودەیی شەڕ بکەینەوە، کە تەنها نەمان و نەبوون بەجێدەهێڵێت.

**بۆچی شەڕ؟**

لەم شیعرەدا چەند هۆکارێک هەیە کە وا دەکات قوبادی جەلیزادە ئەم بابەتە هەڵبژێرێت:


ئەزموونی شەڕ و کاریگەرییەکانی: کورد وەک نەتەوەیەک مێژوویەکی پڕ لە شەڕ و ململانێی هەیە، ئەم هەڵبژاردنە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە کە شاعیر و گەلەکەی تێیدا ژیاون.

کاریگەری شەڕ لەسەر خێزان: شاعیر ویستوویەتی ئاماژە بکات بۆ ئەوەی کە شەڕ تەنیا پەیوەندی بە سەربازان و بەرەکانی شەڕەوە نییە، بەڵکو هەموو کەسێک دەگرێتەوە – ژن، منداڵ، پیر و گەنج.

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و سیاسی: ئەم شیعرە بابەتێکی ڕەخنەگرانەی تێدایە، بە تایبەت لە کۆتاییدا کاتێک دەڵێت "ڕەنگە ئەم جارەش کەس دەرگات لێنەکاتەوە!؟" کە ئاماژەیە بۆ بێهوودەیی شەڕ و ئەنجامەکانی.

پارێزگاری لە ناسنامەی نەتەوەیی: شەڕ وەک بابەتێک بۆ هۆنراوە دەتوانێت ئاماژە بێت بۆ خەباتی گەلی کورد بۆ پاراستنی ناسنامە و مانەوەیان.

ڕەوشتی مرۆڤایەتی: ئەم هەڵبەستە هاواری دژ بە کوێری و نەزانی و هەڵوێستە نامرۆییەکانە لە کاتی شەڕدا کە وا دەکات مرۆڤ لە مرۆڤایەتی دوور بکەوێتەوە.



گرنگی هەڵبژاردنی ئاشتی بەسەر شەڕدا: شاعیر هەوڵیداوە بیرۆکەی ئاشتی بەرز بکاتەوە بە پیشاندانی ڕووی ناشیرینی شەڕ و کاریگەرییە نەرێنییەکانی.

قوبادی جەلیزادە لەم شیعرەدا بە شێوازێکی کورت و پڕواتا کاریگەرییەکانی شەڕ لەسەر تاک و کۆمەڵگا دەخاتەڕوو، کە ئەمەش یەکێکە لە بەرزترین ئامانجەکانی ئەدەبیات وەک ئاوێنەیەک بۆ واقیعی کۆمەڵگا.

خاڵە جوانەکانی شیعرەکە..

خاڵە جوانەکانی ئەم هەڵبەستە زۆرن، بەڵام ئەمانەی خوارەوە لە هەرە بەرچاوەکانیانن:

شێوازی ساکار و کاریگەر: شاعیر بە زمانێکی ساکار بەڵام قووڵ توانیوویەتی بابەتێکی ئاڵۆز وەک شەڕ بخاتە ڕوو، کە هەموو کەسێک بە ئاسانی لێی تێدەگات.

دووبارەکردنەوەی هونەری:

دووبارەبوونەوەی ڕستەی "هەمووومان چووین بۆ شەڕ" ڕیتمێکی تایبەت بە شیعرەکە دەبەخشێت و جەختکردنەوەیەکی کاریگەرە لەسەر ئەو پەیامەی کە شەڕ کەس بەدەر ناکات.

وێناکردنی ڕۆڵی هەر کەسێک: شاعیر بە وردی و هونەرییانە ڕۆڵی هەر ئەندامێکی خێزانەکە لە شەڕدا وێنا دەکات، کە دەیسەلمێنێت شەڕ تەنیا بابەتی پیاوان نییە.

هێمای بەکارهاتوو: شاعیر چەند هێمایەکی کاریگەری بەکارهێناوە وەک "کوێرایی" بۆ شەڕ، "ماڵ" وەک هێمایەک بۆ ئاشتی و ئارامی، و "دەرگا" وەک سنووری نێوان دوو دنیا.

کۆتایی بەهێز: کۆتایی شیعرەکە بە تەواوی کاریگەرە و پرسیارێک لە خوێنەر دەکات کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە مێشکدا دەمێنێتەوە.

پەیوەندی نێوان دێرەکان: هاوئاهەنگی و بەستنەوەی دێرەکان بە یەکترەوە وای کردووە شیعرەکە وەک چیرۆکێک بخوێنرێتەوە، بە سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی.

ڕەمزی بنەماڵە: بەکارهێنانی بنەماڵە وەک نموونەیەکی بچووکراوەی کۆمەڵگا، زۆر

هەولێرنامەی کتێب

هونەریانە و بەهێزە.

دابەشکردنی ڕۆڵەکان: چۆنیەتی دابەشکردنی ڕۆڵەکان لە شیعرەکەدا بیرۆکەیەکی نوێیە سەبارەت بە گۆڕانی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان لە کاتی شەڕدا.

هاوسەنگی نێوان وشە و واتا: شاعیر توانیوویەتی هاوسەنگییەکی باش لە نێوان کەمیی وشە و قووڵیی واتادا دروست بکات.

زمانی وێنەیی: هەر دێڕێک وێنەیەک لە زەینی خوێنەردا دروست دەکات، کە ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە بەهێزەکانی شیعر.

**دیدگایەکی ڕەخنەگرانە**

ئەم هەڵبەستە، لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانەوە، دەکرێت ئەمانە بن:

کورتی زێدەڕۆیانە: هەرچەندە کورتی و چڕی دەکرێت خاڵێکی بەهێز بێت، بەڵام لەم حاڵەتەدا ڕەنگە شاعیر زیاتر دەیتوانی هەندێک وێنەی شیعری درێژتر و وردتر پێشکەش بکات بۆ قووڵترکردنەوەی هەستەکە.

سنووورداری ڕوانگە: شیعرەکە زیاتر تەرکیز دەخاتە سەر لایەنی نەرێنی شەڕ بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووو هۆکارەکانی شەڕەکە یان چەمکی بەرگری ڕەون بکاتەوە.

**وردنەبوونەوە لە هەستی کەسەکان:** زیاتر فۆکوس دەخاتە سەر کردارەکان نەک هەستەکان. باشتر بوو شاعیر هەندێک لە بارودۆخی دەروونی کەسەکانیش باسی بکردایە.

**خێرایی زۆر لە گواستنەوەکاندا:**
گواستنەوەکان لە نێوان دیمەنەکاندا هەندێکجار زۆر خێران و دەکرا بە هێواشتر ئەنجام بدرێن.

**نەبوونی ئاماژە بۆ چارەسەر:** شیعرەکە کێشەکە دەخاتەڕوو بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ هیچ ڕێگاچارەیەک بکات، تەنانەت وەک هیوایەکی بچووکیش.

کەمی لایەنی وەسفکردن: لە هەندێک شوێندا پێویستی بە زیاتر وەسفکردن هەیە بۆ ئەوەی خوێنەر باشتر هەست بە شوێن و زەمەن بکات.

یەکڕەنگی تەکنیک: شاعیر لە سەرتاسەری

شیعرەکەدا شێوازێکی یەکڕەنگی بەکارهێناوە، کە دەیتوانی بە بەکارهێنانی چەند تەکنیکی جیاواز شیعرەکە دەوڵەمەندتر بکات.

کۆتایی کتوپڕ: کۆتایی شیعرەکە هەرچەندە کاریگەرە، بەڵام هەندێک کتوپڕە و خوێنەر هەست بە هەڵواسراوی دەکات.

**سنوورداری کاراکتەرەکان:** کاراکتەرەکان تەنیا لە ڕێگەی کارەکانیانەوە پێناسە کراون، نەک لەڕێگەی تایبەتمەندییەکانیانەوە.


کەمی ئاست و لایەنی فەلسەفی: دەکرا شیعرەکە لایەنی فەلسەفی قووڵتری تێدا بێت سەبارەت بە شەڕ و کاریگەرییەکانی لەسەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

سەرەڕای ئەم تێبینیانە، دەبێت بگوترێت کە شیعری باش هەمیشە بواری لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێت و ئەم خاڵانەی سەرەوە تەنیا دیدگایەکی ڕەخنەگرانەن، نەک کەموکوڕی بە واتا نەرێنییەکەی. گونجانی هەلبەستەکە لەگەل رەوشی کوردەواری

ئەم هەڵبەستە زۆر بە قووڵی لەگەڵ ڕەوشی کوردەواری گونجاوە لە چەندین ڕووەوە:

ئەزموونی مێژوویی: گەلی کورد بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی جەنگ و ململانێی زۆر بووەتەوە، کە وایکردووە بنەماڵە کوردییەکان ئەزموونێکی ڕاستەقینەیان هەبێت لە کاتی شەڕدا. بەرگری و خۆڕاگری بەشێکی گرنگن لە ئەزموونی ژیانی کورددا.

ڕۆڵی ئافرەت: لە شیعرەکەدا ژن و کچ ڕۆڵی چالاک و یەکسانیان هەیە لە بەرگری و شەڕدا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگای کوردییە کە تێیدا ژنان ڕۆڵێکی



هەوالنامەی کتێب

بەرچاویان هەبووە لە خەباتی نەتەوەیی و بەرگریدا.

گیانی بەرگری: شیعرەکە گیانی بەرگری و خۆڕاگری نیشان دەدات کە تایبەتمەندییەکی بەرچاوی گەلی کوردە.

بەشداری هەموو ئەندامانی بنەماڵە: لە کۆمەڵگای کوردیدا، بە هۆی سرووشتی شەڕەکان و پرسی ڕزگاری نەتەوەیی، زۆر جار هەموو ئەندامانی بنەماڵە بەشداری خەبات دەکەن.

گیروگرفتی ماڵات و ئاوارەیی: دێری "کەس لە ماڵ نییە" ئاماژەیە بۆ ماڵات و ئاوارەیی کە گەلی کورد زۆر جار ڕووبەڕووی بووەتەوە.

ئاماژە بۆ کارەساتەکان: کۆتایی شیعرەکە "ڕەنگە ئەم جارەش کەس دەرگات لێنەکاتەوە!؟" ئاماژەیە بۆ ئەو کارەساتانەی کە هێندە زۆر بوون لە مێژووی کورددا، کە توانای گەڕانەوەی ناوبراوە. گرنگی سەنگەر: سەنگەر وەک چەمکێکی گرنگ لە شیعرەکەدا دێت، کە ئەمەش بەشێکی گرنگی خەباتی چەکداری کورد بووە لە ناوچە شاخاوییەکاندا.

یارمەتیدانی بریندار: لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا یارمەتیدان و هاوکاریکردنی یەکتر لە کاتی ناخۆشیدا بەهایەکی گرنگە، کە لە شیعرەکەدا بە ڕوونی هاتووە. پەیوەندی خێزانی بەهێز: لە کۆمەڵگای کوردیداپەیوەندی خێزانی و یەکگرتوویی بنەماڵە زۆر بەهێزە، کە ئەمەش لە شیعرەکەدا دەبینرێت لە هاوکاریکردنی یەکتر. زمانی ساکار و ڕاستەوخۆ: شیعرەکە بە زمانێکی ساکار و ڕاستەوخۆ نووسراوە کە ئەمەش نزیکە لە شێوازی ژیانی ساکار و ڕاستەوخۆی کوردەواری.


لە کۆتاییدا، دەتوانین بڵێین ئەم هەڵبەستە ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ نیشاندانی ڕەوشی کوردەواری بە تایبەت لەکاتی شەڕدا، و توانیوویەتی بە قووڵی و وردی ئەم ڕەوشە وێنا بکات

---

* سکرتێرێ نووسین لە گۆڤاری (مەتین)- ناڤەندا خانی یا ڕەوشەنبیری و ڕاگەهاندنێ/ دهۆک

# چەند تابلۆیەکی هونەریی شیعری
# ئیسماعیل خورماڵی




ڕێبوار ئیدریس

ئیسماعیل خورماڵی یان قەڵەمە پڕ لە هونەر و داهێنانەکەی تابلۆ جوانەکانی شیعری کوردی، ئەو قەڵەمەی ڕاستە شیعر دەنووسێ، بەڵام لە هەمانکاتدا لەگەڵ هەر شیعرێکیدا تابلۆیەکی تراژیدیی ژیان دەنەخشێنێ، مەبەستم لەم نووسینە ئەوەیە شیعری جوان و پڕ لە مانا زۆرن، بەڵام سەلیقە و دەستڕەنگینیی تابلۆی شیعری کەمە یان دەتوانم بڵێم، ’ناوازەیە‘، خورماڵی یەکێکە لەو شاعیرە تابلۆ نەخشینانەی هونەری شیعری کوردی کە لەگەڵ هەناسە و پەیڤەکانی وشەکانیدا وێنە، جوگرافیا، مێژوو و سرووشت دەنەخشێنێ.

ئەگەر سەرنجێکی خێرا لە هەر شیعرێکی ئیسماعیل خورماڵی بدەینەوە ئەوا بێ یەک و دوو، لەگەڵ خوێندنەوەیدا تابلۆیەکی هونەریی جوانیش دەبینین. تابلۆیەک پڕ لە هەناسەی پاک، ئاوازی شیرین، نیگاری جوان کە مانا و مەبەستی تایبەت دەخولقێنێت.

هەر ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی زۆربەی شیعرەکانی ئیسماعی خورماڵی یان (تابلۆکانی ئیسماعیل خورماڵی) کراونەتە ئاواز و میلۆدی دەیان گۆرانیی جوان و هونەرمەندە سەرکەوتووەکان چڕیویانە. پێویستە ئاماژە بەوەش بدەم ڕەنگە خورماڵی کە دەستیداوەتە پێنووسەکەی پێی وابێت، تەنیا شیعرێکی جوانی خولقاندووە، بەڵام لای ئێمە مانان، لە پشت هەموو شیعرێکییەوە دەیان تابلۆی پڕ لە مانا و گوزارشتی مرۆڤایەتیی هەیە.

پێم باش بوو لەم نووسینە کورتەمدا بۆیە دەڵێم 'کورت'، چونکە ئەوەی مەبەستمە بۆ شیعری خورماڵی بە نووسینێکی وا کورت نایەتە دی، بۆیە تەنیا ئاماژە بە چەند تابلۆیەکی جوان لە تابلۆکانی شیعری خورماڵی دەدەم. لە هۆنراوەی (قەدەر) خورماڵی دەڵێ:

**''چیدی گوڵم من ئاوێنەی ئەم بەهارە نانێمە ڕوو**

**وەکو سێوی بەر کرێوە، زوو هەڵوەرین ناکەمە خوو''**

ئەگر سەرنجێکی ئەم دێڕە شیعرییەی خورماڵی بدەین، گوڵ و بەهار، ئاوێنە و ڕوو وەها ئاوێتە یەکدی بوون، ئێمە دەیانبینین؛ ئەوجا سێوێک لەبەر کرێوەدا لە کاتی هەڵوەریندا چەند جوان پێناسەی کردووە کە هەرگیز خواستی بۆ هەڵوەرینی هیچ سێوێک لەم دنیایەدا نییە.

دواتر دەڵێ:

**''تەماشا-با-سوژدەبەری لەشی رووتی، چ گوڵێکە**

**وەکو عومری عیرفانی دڵ، وێرانی دەس، چ دڵێکە''**

لێرەدا با بووەتە ئاشقێکی سەرشێت تامەزرۆی دیداری گوڵێکە وەک سوجدە بە دەوری گوڵدا دەسووڕێتەوە، عومری عیرفانی لە دڵە بێگەردەکاندا چواندوویێتی

بەو باوە کە بۆ عەشقی گوڵەکە، ئەمیش عەشقی چ دڵێکە. ئەگەر سەرنجی ئەم دوو دێڕە شیعرییەی خورماڵی بدەین هەست دەکەین هونەرمەندێکی نیگارکێشە، تابلۆیەکی جوانی بۆ نەخشاندووین کە تابلۆکەی پڕە لە وشە و شیعری جوان.

لە شیعری (عیشق نەبێ) شاعیر دەڵێ:

**"دەبو وەکو بەفر بە دیار خونچەوە من چرۆ بگرم**

**لەتاو پاییز وەکو پشکۆ سەحەر تا شەو ئێشک بگرم"**

لێرە بەفر بووەتە پاسەوانی خونچەی تازەپێگەیشتوو، نایسووتێنێ، ڕەقی ناکاتەوە.. لەپێناو خونچەکەدا بەفریش بەڵێنی داوە چرۆ بگرێ، هەر وەکو چۆن لە جوانی پاییزدا وەکو پشکۆیەکی سەحەر شاعیر ئاسا هەتا ڕۆژ دەبێتەوە ئێشک بۆ خۆشەویستییەک بگرێ. لێرەدا بەفر و پاییز، خونچە، پشکۆ، سەحەر و ئێشکگرتن چ هونەرێکی جوانیان بەم تابلۆیە بەخشیوە، ڕەنگە یەکێک بێ لە تابلۆ مەزنەکانی جیهان کە خوێنەر لە مێشکیدا جوان جوان ببینێ. لە شیعری (هانا) یان بابڵێین لە تابلۆی هانا خورماڵی دەڵێ:

**"بۆچی نایەت خۆ بڕیار بوو بن ئەم دارە جێ ژوان بێ**

**وەکو ڕۆژان گەڵای وەریو لە تەرزەی ماچ هەراسان بێ"**

لێرە لەگەڵ خوێندنەوەی عەشقێکی فەرهادی و سۆزێکی مەم و زینی و داستانێکی مەجنوونی و لەولاشەوە چاوەڕوانییەکی (گۆدۆ)مان بیر دەهێنێتەوە. لێرە باسی دارێک دەکات کە جێژووانی لە ئامێزگرتنی دوو دڵدارە، دڵدارەکان هەرچی بن مرۆڤن، بەڵێ لەم تابلۆیەی خورماڵیدا دارەکە شکۆی داوە بە خۆشەویستییەکە، چونکە لە ئامێزی ئەو دارەدا پێکەوە گەڵای وەریو و ماچ دەبارێن بەسەر باڵای تابلۆ جوانکەدا. لەهەمان شیعردا دەڵێ:

**"ئەی ئەمێستا هەوارت کوا هەوری سەوزی ئەم دڵە من**

**خۆ بەبێ تۆ لێڵە چاوم وشکە کێڵگەی ئەم دڵە من"**

بۆ تەواوکردنی تابلۆ هونەرییە جوانەکەی هێشتاکە خورماڵی ڕەنگی دیکەی دەوێ و هێشتاکە دەیەوێت تابلۆکەی دەوڵەمەند و تێرتر بێت و زیاتر تینوویێتیی بینەرەکانی بشکێنێت، بۆیە هەوری سەوزی کردووەتە دیاریی کێڵگەیەکی وشک وەک چاوەڕوانییەکی جوان دەیەوێت زامی دڵێکی شکاو بە بارینی بارانی سۆز کێڵگەی روحی سارێژ بکات.

خورماڵی لە شیعری (چرۆ)دا دەڵێ:


**''پەڵەی دووری ڕێژنەی مەرگ ئەبارێنێ**
**چرۆ**
**من دەزانم دەستی پایز دەموەرێنێ چرۆ**
**نامورراد نیم غوربەت بە من گیای بەرپێیە**
**گوڵم**
**خۆڵەمێشم عەشقێکی تر دەسوتێنێ چرۆ''**

لەم تابلۆیەدا مەرگ و دەستی پاییز هەڵوەرینێکی هێمن و لەسەرخۆ و کز و ماتیان خولقاندووە، بەڵام هیوایەکی جوانی ژیانەوە بەخشیوە بە تابلۆیەکەی کە پڕە لە ئومێد و عەشقێکی نوێ بۆ گەشانەوەی چرۆی ژیان.

لە شیعری (گوڵی ڕەعنا) خورماڵی دەڵێ:

**''ئازیز ئەمشەو گوڵی رەعنا لە چاوانتا سەردەردێنێ**
**بە ئاگابە نەبا نیگای پەپوولەیەک بسوتێنێ**
**چونکە ئەمشەو لەم گەڕەکە نەرمە بایەک پۆستە دێنێ**
**زۆر دەترسم بڕیارێکی وەنەوشەیی بدرکێنێ''**

لێرەدا خورماڵی ڤانکوخ ئاسا تابلۆی گوڵی ڕەعنای بۆ کێشاوین وەک تابلۆی گوڵەبەڕۆژەکەی ڤانکوخ. لەنێو دوو چاودا گوڵێکی ڕەعنا دیارە کە لەسەر گوڵە ڕەعناکە پەپوولەیەک نیگا دەکات، بەڵام لەولاشەوە نەرمە بایەک لە پەپوولە و گوڵ دەدات، دەیانشەکێنێ، پۆستەیەکی بەدەستەوەیە



ڕەنگە بڕیارێکی وەنەوشەیی بدرکێنێ، لێرەدا ئیسماعیکلی هونەرمەند، ئیسماعیلی نیگارکێش، تەنیا بڕیارەکەی بۆ ئێمە بە نهێنی هێشتووەتەوە هەتا تابلۆکە جوانتر ببینین.

لە دوا تابلۆی شیعری خورماڵیدا لە (زەنگی تەلەفۆن)دا دەڵێ:

**"نیوەشەوە و وا درەختی شەقامەکان نوقمی شەون**

**نیوەشەوە و دوا سەرخۆشی کۆڵانەکان نوقمی خەون**

منیش تەنیا لەسەر چەرپا شکاوەکەم ڕاکشاوم

خامۆش ئەڵێی ئاسەواری وڵاتێکی داڕوخاوم"


با سەیرێکی تابلۆی زەنگی تەلەفۆن بکەین، چەند جوانە ئەم نیوەشەوە، لە شەقامەکاندا درەختەکان نووستوون، دوا بێدار و ئاشق و عیرفانی کۆڵانەکان ماندوو بوون لە شەو، ئەوانیش نووستوون. خەوی شەقام لەگەڵ سەرخۆشێکی بێدار شەوێکی خەمناکیان نەخشاندووە. شاعیریش وەک بڵێی لەو تابلۆ خەمناکەی سەرشەقام دەڕوانێ، لەسەر چەرپا شکاوەکەی هێشتا بێدارە. ئەها سەیری کەن! چەند جوان دەڕوانێتە شەقامەکە و روحی ئاوێتە خەوی نقوومبووی شەو دەکات و دەڵێت: منیش دەڵێی ئاسەواری وڵاتێکی داڕووخاوم. ئەم تابلۆیە فرەچەشنە؛ بێدەنگیی شەو و خەوی قووڵ دەکات شانۆیەک هێشتاکە ئەم نەنووستووە و سەیری نووستنی ئەوان دەکات، ئەمە چەند تابلۆ جوانەی شیعری ئیسماعیل خورماڵی کە ئاماژەم پێدان دەتوانم بڵێم: مشتێکە لە خەرواری، لە خەرمانە پڕ بەرەکەتەکەی قەڵەمە دەوڵەمەندەکەی ئیسماعیل خورماڵی... هیوادارم توانیبێتم بەم بابەتە کورتە تەنیا ئاماژە بە دڵۆپێکی دەریای شیعری خورماڵی بکەم.




هەواڵنامەی کتێب

# فاتح عیزەدین ...

## دەنگێکی تەنیا، لە زەمانی بزربوودا



**جەمال نووری**

فاتح عیزەدین.. یەکێک لەو دەنگە تایبەتانەی دنیای شیعری کوردی، زمانی فاتح زمانێکە تایبەت بە سرووشتیەتی بوون و تێڕوانینی بۆ ژیان و ڕامانی بۆ سرووشت و بوون و گەردوون. فاتح لە ڕێگای زمانی شیعرەوە پرسە فەلسەفی و کەونییەکان دەجولێنێ، چڕی دەکاتەوە لە پرسی بوون و نەبوون.

فاتح لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا هاتۆتە ناو کایەی شیعری کوردییەوە. کاریگەربووە بە بیرو هزری فەلسەفەی وجودی لە ڕێگای نووسینەکانی وەک سارتەر و ئەلبێر کامۆ و سادقی

هیدایەت و حوسین مردانی شاعیری عێراقی.

شێرکۆ بێکەس .. شاعیری گەورەی کورد لە بارەی فاتح عیزەدینەوە دەڵێ:

**فاتح کێ یە؟**
**پاییز وتی: کوڕە فرمێسکێکی منە**
**بەفر وتی: گەڵایەکی هەڵ لەرزیوی بەردەم منە**
**تەنیایی وتی: هاودەمێکی شەوی منە**
**فاتج چیکردووە؟**
**وشە وتی:**
**یەک هەناسەی ساردی سینەی منە**
**پەپوولە چیکردووە؟**
**ئەویش هەر ئەوەی کردووە،**
**کزەبایەک چیکردووە ؟ ئەویش هەر ئەوەی کردووە**

ویڕای دنیا بینینی عەبەسیانەی، بەڵام مەسەلەی ئەوین و سۆزداری لە شیعرەکانیدا بوونی هەیە و بە بەرپرسیار بوون لەم پرۆسەی ڕوانیوە. وەک لە شیعری (ڕەشپۆش مەبە*) ل.٤ بە ئاشکرا ئەو ڕەش پۆشیەی لەبەری ئەوی دیدا دەیبینێ بە هی خۆی دەزانێ هەر وەک لێرەدا دەڵێ:

**ڕەش پۆش مەبە و ئیتر بەرگی ڕەش فڕێدە/ ڕەش پۆش مەبە و لە خانووی پەرێشانیما/ پیانۆی مزگێنیم بۆ لێدە /تا دەگاتە ئەوەی بڵێ: منیش وەک خۆت ڕەش پۆش مەکە/ گیانە چریکەی مەلی تاسەم/ بۆ شەونمی ئەم باخچەیە خامۆش مەکە.**

«وشەی "من" واتە من لێرەم، بەرپرس و وەڵامدەرەوەی هەموو شتێک و هەموو کەس.»؛ لێرەبوون واتە بەرپرسبوون؛ من لە بەرامبەر ئەویتردا بەرپرسم، چون بوونم وەک مرۆڤێک بە تەواوەتی بەستراوە بەو پەیوەندییەوە کە لەگەڵ ئەویتردا هەمە.

زمانی شیعری لای (فاتح عیزەدین )، زمانێکە گوزارشت لە کەینونەی خودی شاعیر دەکات، گوزارشتێ کە ڕامانی شاعیر لە بوون و سرووشت و گەردوونەوە سەرچاوە دەگرێ، بە واتایەکی تر فاتح لە ڕێگای شیعرەکانیەوە

هەواڵنامەی کتێب

موخاتەبەی عەقڵی دەکات لە مەڕ پرسیارو گومانەکانی، دەربارەی بوون و ژیان و برینەکانی خۆی، کە سەرتاپا "خۆی لە تەنیایی و خەم و گۆشەگیری و خەماوی بەڵام ساف، تەماوی بەڵام تیشکێکی لە باوەش گرتووە" دەبینێتەوە، وەک لە شیعری (ڕۆشتن لە شەودا)*ل٦ بە ڕوونی هەست بەو تیشکە دەکرێ لە ناخ و بوونی شاعیردا هەستی پێدەکرێت.

با ئەمشەویش تاریکی خۆی هەر بخاتە ناو دڵمەوە/ با دووری تۆش هێندە پانی بیابان بێ و / پەنگر بڕژێتە ناو پووشوی دەروونمەوە/ نا ڕوخێم و ڕێ نادەم/ تۆ ئەو مۆمەی لە دەروونمدا ئاگر ئەگری/ شەوگار ڕووناک ئەکەیتەوە و/ شوێن پێی ڕێگام پێ هەڵئەگری/ شەوەو ڕێگای بیبانم گرتۆتە بەر/ بۆ ماچی تۆ فریشتەکەی چاو پڕ کەسەر/ ڕێ ئەبڕم و لە چاویشما ئۆقرە ئەبێ/ بە فرمێسکی ڕووباری زێ و/ تاڤگەی زەڵم./

فاتح عیزەدین، لە شیعری (مردنی دەنگ و ڕەنگ) لێرەدا زایەڵەیەکە کە هەمیشە لەناو بێدەنگیدا، شاعیر قسە دەکات، واتە هەم بێدەنگی و هەم دەنگ حزورێکی نەڕەخساوە، بێدەنگیەک کەلە دوای دەنگەوە دێت بێدەنگی یەکی ترسناکە، چون ئەم بێدەنگیە تەنها بە دەنگێکی ترسناکتر تێکدەشکێت، دەنگێک کە لە دوای بێدەنگییەوە دێت هاوکات حزور و غیاب لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، وەک لێرەدا دەردەکەوێت.

ئاخ چییە ئەم دەنگە ڕەنگە کە بوونی/ سەراپا بێدەنگی و بێرەنگی گیانێکە/ نێژراوی گۆڕێکی دێرینە/ چییە وا ئاوازی بێنازی گەرووی من / وەک هەوای ژەنگرتوی شمشاڵی شوانێکە /خنکاوی دووکەڵی خاکێکی خوێنینە/ بێدەنگیم ڕۆمانێ ملوێنان قسە بوو /پڕ گرمەو پڕ لەرەو هاژە بوو/ نەبیستراو نابیسترێ./

لەم بەشەی قەسیدەکەیدا فاتح عیزەدین پەنجە دەخاتە سەر ئەو حاڵەتە بێدەنگیەی وەک (وەستانێک لە زەمەن) لێوەی دەڕوانێ. ئەوەتا لێرەدا دەڵێ:

قورسایی زەویان نایەسەر /ئەم گیانە لاوازە و نەمردم/ مۆرفینی پەژارەی ئاهاتی مەسیحیان/ ڕشتە ناو گوێگرتن لەم هەموو

ئاوازە و نەمردم/ سەدان جار بەخاچی تاوانا داکوترام /کەچی هەر نەمردم/ بۆ ئەزموون لە ویستگەی ئەتۆم تەقینرام /سەیرە هەر نەمردم / بەڵام ئاخ هەزاران ئەفسوس و مەخابن/ ڕۆژێ دێ ئەم گیانە پڕ دەنگ و پڕ ڕەنگە/ بمرێت و چاوانی لێکبنێ/ بە هێزی لێدانی شنەی با لە کەنار حەسرەت و لە بنار دووریا/ بمرێت و چاوانی لێک بنێ/ ئەمرین و جیهانیش هەروەک نەبووبێ وەهایە/ بۆیە جێی خەم پێ نییە/ نازانین تەماشای قەشەنگی سرووشت/ و گوێگرتن لەم هەموو ئاوازە تەلیسمە هۆی چییە؟

شاعیر لە شیعری مردنی دەنگ و ڕەنگدا هەست بە بوونێک دەکات کە هەمیشە فڕێ دەدرێتەوە بۆ ناوخودی بوون، بۆیە تەئکید لە (نەمردنی) خۆی دەکاتەوە کە دەڵێ:

**قورسایی زەویان نایەسەر /ئەم گیانە لاوازە**

و نەمردم لە دێڕێکی تریدا ئەڵێت:

**مۆرفینی پەژارەی ئاهاتی مەسیحیان/ ڕشتە ناوگوێگرتن لەم هەموو ئاوازە و نەمردم/**

شاعر لەم کۆپلە شیعرەدا ئاماژە بە ماندووبوونی جەستەیی و عەقڵی خۆی دەکات بە هۆی نەریتی کۆنەپەرستی و ماندوویێتیی چاخی دینی بەچەشنێک لە ڕێگای خورافە و سروتی دینی و دابو نەریتەوە دەبێتە هۆیەک، کە لێوان لێوە لە ژاوە ژاو و بە هەلاک چوونی مێشک و بیری مرۆڤەوە کە بە (ئەفیون), ناوی بردووە، کە بۆ سڕکردنی بیرو هزری مرۆڤ بەکاردەهێنرێ کەدواجار ماندوویێتی و ئەفیونەکەی هەر بەردەوامە بۆ بەهەشت و دونیا و ئاخیرەت، کە دەیەوێ بیگۆڕێ بە مرۆڤ سەروەری و عەقڵ سالاری و دونیاییبوون، کاتێک پرسیارە فەلسەفیەکەی دەکات و دەڵێت:

دەمرین و جیهانیش هەر وەکو نەبوبێ وەهایە/ نازانین تەماشای قەشەنگی سرووشت و/ گوێگرتن لەم هەموو ئاوازە تەلیسمە هۆی چییە؟ / ئادۆرنۆ ڕای وابوو (بیرکردنەوە پێویستی ژیان دروستی ئەکات)، دواتر شاعیر لە ڕێگای پرسی مەرگەوە دەیەوێ بوون و نەبوون لە تەرازووی هزری مرۆڤدا لە مەحەک بدات بە گومانێکی یەقیندار، بۆشاییەکی لێوڕێژ،

کتێبخانەی هەواڵ

بێدەنگییەکی زایەڵەدار. بێدەنگی، شێوەیەکە لە گفتوگۆ بەبێ بەردەنگ. بێدەنگیی ڕاستەقینە، لە کوشتنی بەردەنگەوە دەست پێدەکات. لە ئەدەبیاتدا، بەردەنگ پێشوەخت مردووە. فاتح عیزەدین لەزەمەنی سەرهەڵدانی وەک شاعیر وەک شێرکۆ بێکەس دەڵێ:

**بە چەند شیعرێ بووە بە هاوڕێی بەرد و هاوڕێی پەلکە گیا و هاوڕێی هەمیشەیی تەنیایی و ئەو لە نەوەی ژەنەڕاڵی پایزە برای گەڵاوەریوەکان و دۆستی نزیکی کوێرەوی و ئامۆزای بێکەس و خاڵی کۆڵانە برسیەکانی پێنجوێنە،**

بە واتا فاتح عیزەدین وەک ڕێچکەیی شیعری دەچێتەوە سەر ئەو دنیا بینینە شیعرییەی کە لەجیهان بینی شاعیر محەمەد عومەر عوسمان (ژەنەڕاڵی پاییز)ە نزیکە، بەڵام زمان و ڕامان و خەیاڵی شیعری لای فاتح عیزەدین شێواز و ئسلوبی نووسینی خۆیەتی..

هەر بۆیە لە کۆتایی حەفتاکاندا بە بڵاوکردنەوەی دیوانە شیعری زەمانی بزر بوو، لەو قۆناغ و زەمەنەدا، وەک زەمەنی دەق پێشوازی لێناکرێ و دەخرێتە هامشەوە لەناو دنیای دەقی شیعری، هەڵبەتە هۆکارەکەش تەنها بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زەمەنی دەق و زمانی شیعری لای فاتح پێش زەمەنی ئەوکاتە کەوتووە؟ یاخود زەمەنی نووسینی دەقی شیعری بۆ ئەوکاتە دواکەوتووە...؟، بۆیە بە شێوەیەک لە شێوەکان دیوانەکەی گرنگی ئەوتۆی پێنادرێ.و زەمینەی دروستبوون و سەرهەڵدانی نەک هەر بۆی نەڕەخساوە بەڵکو دیوانەکەشی لەم دوایانەدا بەسەردەکرێتەوە و چاپدەکرێ..

لەمبارەیەوە شێرکۆ بێکەس دەڵێ: ئاو چیکردووە ئەویش هەر ئەوەی کردووە، کزەبایەک چیکردووە ئەویش هەر ئەوەی کردووە.

فاتح عیزەدین گەرچی زمانی شیعری لە نائومێدی و بەد بینی و عەبەسەوە سەرچاوەی گرتبێ، بەڵام دەقە شیعریەکانی کاریگەریێتی زەمەنی هەلومەرجە سرووشتیەکەی خۆیی پێوەدیاربووە و ڕەنگدانەوەی لەسەری هەبووە، کە لە دۆخی جەنگ و کاولکاری و شەڕ و کوشتار و

خوێن ڕشتندا ژیاوە و ڕاگوزەربووە، لەگەڵ ئەوەشدا فاتح عیزەدین بە قۆناغی ئەویندارى و سۆزداریدا تێپەڕبووە و ئەم لایەنەش ڕەنگی داوەتەوە لە زمانی شیعری شاعیردا، دنیای ئەوین لە زمان و خەیاڵی شیعری لای فاتح.. لە شیعری ئێواران و بەفری خەمەکانت لەوەڵامدا دەڵێ: **بەفری ئێواران ئەبارێ بەسەر منی ئاوارەی ناو شەقامی چۆڵ و ورد و لەسەرخۆ شەقام دەبڕم و کەسێ نابینم سەرما ئەمکوژێ ئێوارە باشێ سایەیەک نییە ڕێبواران لەکوێن هەردەڵێی مردوون شەقام ئەبڕم و بەفر مووی سەرم تەواو پیر ئەکا، پیر ئەبم وەک خەم بەچاوەڕێ بوون چاوڕەش پێبەندی نەریتی کۆنە بە دڵیانایە بۆ تەنیا جارێ باڵای باتە بەر بەفری ئێواران چاوڕەش نایەوێ لە ئەشق بگا بۆ تەنیا جارێ نایە لە تەکما تابەیەکەوە لەژێر بارینی بەفرێکی قورسا ببین بە گریان بەفری ئێواران وەک خەم ئەبارێ تەنیام جەستەی شەقامێکی سارد هەناسەم سەهۆڵ خوێنیشم زوقم گیانم ئەیبەستێ تەنیام و تەنیا شەقام بێ چراو سایەیەک نییە ڕقم ئەبێتە تف و نەفرەت**

**بۆ شاری وێرانە شاری بێ هاوڕێ.**

شاعیر لەم شیعرەدا بە ڕوونی ئاماژە بەو حاڵەتە دەروونیەی خۆی دەکات لە کاتێکدا ئەوی دی کە خوازیارێتی ئەو کۆت و بەندە کۆنەپارێزیە وەلابنێ و لەتەک ئەمدا پیاسەیەکی ئێواران بکەن پێکەوە، تاوەکو بۆی ببێتە سایەو سێبەری ڕێگای و لەژێر هەناسەی ئەوینی شاعیر دا پشوو بدات و پێکەوە باڵای خۆیان لە تەنگ و چەڵەمەو دوودڵی و گومان و ترس و بێمتمانیەیی ڕزگار بکەن، بەڵام ئەویندارەکەی تەسلیمی قەدەرێ کۆمەڵگەی باو و نەریتەکۆنەکەیە و لە بازنەیەکی داخراودا دێت و دەچێ و هەوایی تەم و دووکەڵی بابڕدوو هەناسەی داگیر کردووە، بۆیە شاعیر هەست بە تەنیایی خۆی دەکات لە شارێکدا کە شەقامەکانی بۆنی بارووت و چەقۆو خوێنی لێدێ لە جیاتی عیشق، لە کۆتادا ڕق و نەفرەت دەنێرێ بۆ شارێ کە عیشق و ئەوین و هاوڕێیەتی تیا جێنابێتەوە. لەم شیعرەدا زمانی شیعری لای فاتح زمانێکە بە چنینی وشە دیزاینکراوە، بە

شێوازێکی زۆر جوان و نوێگەرییە، وەک ئەوەی کە دەڵێ: (پیردەبم وەک خەم) بە چاوەڕێبوون، واتە سەرچاوەی پیربوونی جەستەی مرۆڤێک پابەندە بە بوونی خەمە سەرمەدیەکانی مرۆڤ بوونەوە، نەک بەساڵاچوونی؟ یان دەڵێ: **(بەفر مووی سەرم تەواو پیردەکا)** لای فاتح، وشەی بەفر لێرەدا لە جیاتی تاڵە سپیەکانی قژی سەری بەکاریهێناوە، ئەمەش نیشانەی شارەزایی و سەلیقەیی شاعیر نیشاندەدات. لە کۆتایدا فاتح عیزەدین، بەم هەنگاوەی لە دنیای شیعری ، چرۆی هیواکانی نەگەشاندەوە و نەیتوانی ئەم قۆناغە لە زەمەنی نووسینی شیعریدا تێپەڕێنێ و بەردەوام بێ تا زمانی داهێنانی بزرنەبێ...

***

بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتوە:

1ـ دیوانی زەمانی بزربوو ،1976-2008 فاتح عیزەدین


2ـ ئیمانوێل لیفیناس، الكلیه ولاتناهی


3 ـ بلانشو قارئا لكافكا حوار المتمدن ص44



# ڕانانی دیوانە شیعری:

# (ئەوین لە زیکری قەڵەمێکدا)..



د.هیمداد محەمەد صابر

دەشێ بڵێین کە شیعر، دەربڕی ساتەوەختێکی دیاریکراوی خەیاڵ و هەڵچوونێکی سۆزئامێزە؛ بەڵام ئەو ساتەوەختە ڕووداوێک،(حەدەسێک) دروستیکردووە. بۆیە شیعر نە بە تەنها هەڵچوونێکی ڕووتە، نە تەنها خەیاڵێکی مەستانەیە.. بەڵکو هەڵچوون و خەیاڵ و مەعریفەیە. لێرەدا (حەدەس) دەشێ مەینەتیی و خەمێکی زۆر گەورە بێت، دەشکرێ خۆشییەکی بێهاوتا بێ... لە هەردوو باردا، تا دەقێکی شیعری داهێنەرانە دێتە کایەوە هەر سێ ڕەگەزی: هەڵچوون و خەیاڵ و مەعریفە؛

پێکەوە لە ململانێیەکی سەختدا دەبن، ململانێیک؛ تا ئەو کاتەی ئەو حاڵەتە دەروونییە فیکرییە؛ لە سیاقێکی زمانەوانی و لە وێنەیەکی هونەریانەی شیعریدا دەتوانێت خۆی دەرببڕێت؛ ئەو ململانێیە هەر بەردەوام لە دەروون و بیری شاعیردا دەخولێتەوە... وەختایەک دەقە شیعرییەکە لەدایک بوو، ئەگەر دەقێکی ئیستاتیکی پڕ لە وێنەی شیعریانە و داهێنەرانە بوو، تێمەی دەقەکەی بە مانای تازە و بیرۆکەی قووڵ و بە زمانێکی باڵا داپڕژتبێت و دەریبڕیبێت و مانای تازەی پێبەخشی بێت؛ ئەوسا هەم بۆ شاعیر خۆی و هەم بۆ خوێنەریش؛ بە دەقێکی زیندووی داهێنەرانە دادەنرێت ... بزانە دەقە شیعرییەکانی نالی، مەحوی، شێرکۆ، هەڵمەت، پەشێو، ئەلیوت، ئەزرا، پوشکین..تاد. ساڵان و عەیامانیشیان بەسەرداچووە، لێ نە کۆن بوون و نە کۆن دەبن... ئینجا یەکێک لە تێمە (بابەت–بیرۆکە)، ئەبەدییەکانی شیعریش تێمەی عیشق و خۆشەویستییە. ئەو (تێمە)یە، بیرۆکە و کرۆکی یەکەم و ئاخری ئەو دیوانە شیعرییەی برای ئەزیز و بەڕێزم کاک (سەرتیپ ئاغا واحید بەگ) ی شاعیرە. کە ناوی ناوە (ئەوین لە زیکری قەڵەمێکدا) و چاپی یەکەمی هی ساڵی (٢٠٢٤)ە. ئەم دیوانە، کە لە بەرگ و چاپێکی جوانی هونەریی (١٣١) لاپەڕەیی ماماوەندیدا بڵاویکردووەتەوە، بە شێوازی ( کۆپلە شیعر) نووسراوە. هەرچەندە کاک (سەرتیپ) لە پێشەکییەکەیدا ناوی (کورتیلە شیعر)ی لێناوە. بەڵام کە لە خوێندنەوەیان بوومەوە، دیتم هەوڵیداوە هەموو بیرۆکەی شیعرەکانی، لە لەحزەی جیاجیای هەڵچوونە سۆزئامێزە، دەروونە پڕ کەف و کوڵەکەی لە تابلۆیەکی شیعریدا چڕ بکاتەوە. ئەو تابلۆ شیعرییەشی بەش بەش کردووە و کردوونی بە کۆپلەی سەربەخۆ. بەڵام هەر کۆپلەیەکیش تەواوکەری کۆپلەی پێش خۆیی و پاش خۆیتی ... ئینجا هەر لە کۆپلەی یەکەمەوە بەیەک بیرۆکە دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت، تا دوایین کۆپلە. ئەوینی شاعیر ڕووداوی سەرەکی دیوانەکەیتی.. ئەو دیوانە وەکو درامایەکە، هەر کۆپلەی دیمەنی پارچەیەکی ئەو درامایەمان پیشان دەدات. لە کۆپلەی یەکەمەوە باسی ئەوینەکەیمان بۆ دەکات و

وەک بڵێی: (ئاوازی بە جۆشی پیانۆیەک بێت) دیارە کە تۆ ڕۆشنبیریی و زەوق و گوێی مۆسیقاییت هەبوو دەزانی گوێگرتن لە پیانۆ چ کاریگەرییەکی گەورەی ڕۆحی لە دەروونی مرۆڤدا دەکات. بۆیێ لە دوای ئەوەی کە بە ئاوازی پیانۆی دەچوێنێ کاریگەرییەکیشی بەیان دەکات کە دەڵێت:

کاتێ پەنجەکانم دەیانەوێت بیژەنن هەڵیاندەوەرێنێ.(ل:٧)

ئەوجا ئەوینەکەی بووەتە بەشێک لە دنیابینی و پڕیکردووە لە هەستی جوانبینین و چێژی جوانبینیی:

**ئەوینت هێندە**

**پڕ جوانی کردووم**

**تەنانەت لە بیابانیشدا**

**گوڵی پێ ڕوواندووم. (ل:13).**

تەنانەت ئەوینی شاعیر هەم چێژ بەخشە، چێژێکی (مازۆخیانە ڕازیم بە ئازارەکانیشت کە دەمدەیت..) بڕوانە ئەم وێنە شیعرییە: (شەڕابی ئەوینت تاڵاویش مەست دەکا).( ل: ٢٥). هەمیش ئازاربەخش: (کە بێدەنگم ئەوا چاک بزانە خنکاوی قووڵایی خەمەکانی تۆم). (ل:٢٦). بەڵام پێدەچێ شاعیر لە بێ چارەییان، دەستەوەستانە، بێ چارەیە لە ئەوینەکە خۆی، بێ چارەیە، تا ڕادەی بێهودە بوون، لەوەی بتوانێ قەدەری خۆی و ئەویندارەکەی بگۆڕێت:

**تۆ لە دووریی مندا**

**دوا مانای بوونیت**

**منیش**

**لە دووری تۆدا**

**دوا مانای نەبوونم. (ل: ٢٤).**

ئەوەیش جۆرێکە لە توانەوە لە ناو یەک و لەناو بوون و نەبوونی یەک و پێکەوە و لەگەڵ یەکدا، لەو بێ چارەییەیدا هانا و پەنا بۆ هەمووان دەبات بۆ ئاسمان، **بۆ خودا، بۆ....**

**کە دەستم**

**بۆ گێڕانەوەی خەمەکانت**

**بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە**

**هەور داپۆشی و**

ناخی ڕەش کرد. (ل:٢٥).

کتێبخانەی هەواڵنامە

ئەو وێنە شیعرییانە، کە لەو کۆپلانەدا، چڕ بوونەتەوە، چارەنووسی ئەوینێکی ڕاستەقینەی بێگەرد، بەڵام ناکام و بێهودە. بۆیە لە هیچ کۆپلەیەکدا، تروسکاییەک لە ئاسۆی ئەو ئەوینەدا نابینی.. لە ڕاستیدا شیعرییەکان ئەوینێکی شکستخواردوومان بۆ دەگێڕێتەوە؛ چونکە دەقەکانی دواتر بەیانیی قەدەری ئەو ئەوینەمان بۆ دەکات.

**خەزانی ئەوینت**

**بەرماڵی نوێژێکی**

**بێ سەلامدانەوەی**

**بۆ ڕاخستووم. (ل: ٢٥).**

ڕاستە ئەوینی شاعیر ئەوینێکی شکستخواردووە، بەڵام ئەم حاڵەتە دەروونییە سۆزئامێزە پڕ لە هەڵچوون و داچوونەی کە ئەو ئەوینە دروستیکردوون، توانیویەتی بیکاتە کۆمەڵە دەقێکی ئەدەبی جوان و سەرنجڕاکیش و لە دیوانە شیعرێکدا چڕیان کاتەوە و شیعرییەت بداتەوە بە ئەوین و عیشق؛ هەر ئەوەندەش نا، تەنانەت حاڵەتی ناکامبوون و دابڕان و جودابوونەوەش، ئیلهامی دەق ئەفراندنی پێبەخشیوە:

**کە ڕۆیشتی**

**ژیانی من**

**نغرۆی ناو ئێوارەیەکی**

**بێ سپێدە بوو! (ل: ٨٨).**

لەگەڵ ئەوەی ڕۆیشتنی یار داخێکی بە سۆیە، یادکردنەوەشی داخێکی ترە بە قەد گرێکە کە تەمەنێک بە تەواوەتی دەسووتێنێ:

**کاتێک**

**ئاخێک بۆ یادێکت**

**هەڵدەکێشم**

**گرێکە**

**ڕۆژژمێری تەمەنم دەسووتێنێ. (ل:٩٥).**

بۆیێ ئەوینێکی بە سوێ و بە ئازارە (ئازاری ئەوینت لەناو چاوەکانیی چاوەڕوانیدا دڵۆپ دڵۆپ دەمتکێنێ!). (ل: ١٢٤)... دەتوانی دەیان دەقی دیکە بدۆزییەوە کە هەموویان هەر لە خولگەی ئەوین و عیشق و هۆگر و گیرۆدەبوون ( تعلق) بوون بەیار، تا ڕادەی تەسلیمبوون پێی دەسەلمێنن... ئیدی خوێندنەوەی دیوانەکە بۆ خۆی دەتباتە نێو

سەفەرێکی ئەدەبی پڕ لە ئیحساسی عیشق و ئەوین، بە هەموو هەڵچوون و داچوونەکانییەوە.. بەڵام لێرەدا نابێ وەها تەماشای ئەوین بکەین کە گوایە: هەڵچوونێکی کاتی و سادە و دەروونیانەی هەرزەکارانەیە؛ بەپێچەوانەوە؛ ئەوین تێمەیەکی تاهەتایی ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە. تێمەیەکی زیندووی هەمیشەییە. گرنگ تۆ چۆن دەیکەیتە دەقێکی داهێنەرانە. چۆن و لە چ گۆشەنیگایەکەوە تەماشای دەکەی و دەیخوێنییەوە. بە کام دەستەواژە دەقی لێ دروستدەکەی..! بەهەرحاڵ لێرەدا لە ڕانانی ئەم دیوانە کۆپلە شیعر ئامێزەدا، دەرفەتی چوونە نێو قووڵایی بوارەکانی دیکەی وەک ئاستی زمان، ئیستاتیکای زمانی دەقەکان، وێنە شیعرییەکان..تاد نییە. چونکە ڕانان بریتییە لە تەنها وەدەرخستنی ڕۆشنایی هەندێ لایەنی گرنگی کتێبێک کە بەشی ئەوە بکات سەرنجی خوێنەری بۆ ڕاکێشی و لەگەڵ خۆتدا بیکەیتە هاوسەفەری جیهانی کتێبەکە.. دەستخۆشی لە برای شاعیر، کاک (سەرتیپ ئاغا) دەکەم و هیوادارم لەم جیهانە جوان و ناسکەی ئەدەب (شیعر و ئەوین) دانەبڕێت و بەردەوام بێت، بەرهەمی دیکەی لەدوا بێت... چونکە بەهرە و توانایەکی شیعری بەهێزی هەیە، دەتوانێ پەرە بەو بەهرە و ڕۆشنبیرییە شیعرییەی بدات و ئەو بەهرە خۆڕسکە بێگەردە بە فەلسەفە و خوێندنەوەی قووڵەوە، ئاو بدات و پەروەردە بکات.. وێڕای پیرۆزباییم لێی دووبارە، دووبارە دەستخۆشی لێدەکەمەوە.. نوخشە لە بەرهەمی دیکەشی بێت...





# ژوانێک لەگەڵ شیعر

**حەمە ئەحمەد جاف**

**خوێنەران و شیعردۆستانی ئازیز...**

سوپاس بۆ خواوەندی مەزن ، کەبۆ یەکەمجار لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، نۆبەرە گۆڤارێکی قەشەنگی تایبەت بە شیعر لە ژێر ناونیشانی(ژوانی شیعر) کەوتەبەر دیدەی ئێوە و دووتوێی لاپەڕە پرشنگدارەکانی مێژووی رۆژنامەگەری کوردیمانەوە ، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ، وەک زمانحاڵی شیعر و پڕکردنەوەی فەراغی نەبوونی گۆڤارێکی شیعریی خۆی بە نێوەی خوێنەرو هەوادارانی شیعردۆست ، دەناسێنی و لەومینبەرەوە ، خزمە ت بە ڕێبازی ئەو ژانرە ئەدەبییە(شیعر) دەکات.

ئێستا ئێمەو ئێوەی ئازیز ، لەگەڵ یەکەم ژمارەی گۆڤاری (ژوانی شیعر)دا کە لەو ڕۆژانەدا کەوتۆتە بەردیدە ی مەست و خوماری خوێنەران و هەوادارانی شیعرو قەڵەمە جوانەکانی ئەدەب ، زۆر بەڕاشکاوی دەتوانین بڵێین بۆ یەکەمینجارە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیماندا، گۆڤارێکی تایبەت بە شیعر دەربچێت و بەسەر رووخساری قەڵەمی جوانی شیعرو ئەزموونی شاعیراندا خۆی پەخش بکات و هەرێمی ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکانی شیعر رووناک بکاتەوە...

بێگومان ئەم گۆڤارەش بەخامەی بەبڕشت و خاوێنی قەڵەمە جوان و بەهەڵوێستەکانی شەقامی شیعرو بەرهەمە شیعریەکانی ئێوە، دەوڵەمەندتر دەبێت و ڕەوڕەوەی مێژووی رۆژنامەگەری کوردی بەرەو پێش دەبا و دەیخاتەگەڕ...

**– خوێنەران و شیعردۆستانی ئازیز...**

وێڕای پیرۆزباییمان بۆئێوەو سەرجەم ئەدەبدۆستان و ڕۆشنبیرانی گەلەکەمان ، بەبۆنەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری

(ژوانی شیعر) ویست و خواستی ئێمە وەک دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارە پڕشکۆیەی شیعر ، دەمانەوێ ئەو گۆڤارە تەنهاو تەنها بۆ شیعرو قەڵەمە جوانەکانی شاعیران و ڕەخنەگرو لێکۆڵەرانی شیعر بێت و فەراغی نەبوونی گۆڤارێکی تایبەت بە شیعر پڕ بکاتەوە و لەگەڵ خامەی مێژووی شیعردا خۆی متووربە بکات و بگرە دەشمانەوێ ، ئەو گۆڤارە ،لەڕێگای بەرهەمە جوانەکانی ئێوەی خۆشەویستەوە ژمارە دوای ژمارە پێشکەوتووتر و هەنگاوی باشترو بەرێنتر هەڵێنێ و خۆی بە جیهانی ئەمڕۆی شیعری جوان و رۆژنامەگەری کوردی بناسێنێ و لەمینبەری ئازادی ڕۆژنامەگەریی و حەقیقەتی مێژووی زمانی ستانداردەوە ، شەقامی شیعرو قەڵەمی بەبڕشتی شاعیران بەخۆی و شیعرخوازان ئاشنا بکات... بۆیە جارێکی تریش لەو مینبەرە ئازادەوە داوا لە قەڵەم خاوێن و بەهەڵوێستەکان دەکەین لەکلاوڕۆژنەی بەرهەمە جوانەکانیانەوە؛ گۆڤارەکەیان گۆڤاری (ژوانی شیعر) بەسەرکەنەوەو لەسایەیدا پشووە هەناسەیەک بدەن و ئێمەش بە پێی دەرفەت و یاساو ڕێساو ڕێنمایی پەیڕەوکراوی خۆمان پێشنیارو ڕەخنەو خەرمانی بەبەرەکەتی بەرهەمە بەپێزەکانتان دەخەینە سەرچاوان و پێشوازی گەرمی لێدەکەین.... بەو ئومێدەی ئەو گۆڤارە، ببێتە مینبەری ئازادی قەڵەمجوان و بەرهەمە بە پێزەکانتان .... لە کۆتاییدا، سوپاسی بێ پایانمان بۆ جەنابی کاک (ئومێد خۆشناو )والی هەولێر، کە تێچووی ئەو گۆڤارەی گرتە ئەستۆ، سوپاسی بێ پایانیش بۆ کاک (دکتۆرسابیرحسێن) کەلەڕێگای بەرێزیانەوە، بەڕێز جەنابی والی هاوکاری کردین، بەو هیوایەی بتوانین (کەم تا زۆر) لە ڕێگای گۆڤاری (ژوانی شیعر) ەوە خزمەتێک بەقەڵەمە جوانەکانی شیعری جوان و بەو ژانرەو مێژووی ئەدەب و رۆژنامەگەری کوردی و رەوتی رۆشنبیریی نەتەوەیی لە کوردستاندا، بگەیەنین. دووبارە نۆبەرە گۆڤاری ژوانی قەڵەمەکانی شیعر بەرزوپیرۆز بێت .

***

*** بەڕێوەبەری نووسین**